Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-06

# زانستی زمانی ناسینیو لێکچوونو جیاوازییە زمانییەکان تیایدا

## توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوە لە تێزێکی دکتۆراوە

**بێستون ئەبوبەکر عەلی، جوانە ئەحمەد حەمەحسێن**

بەشی کوردیی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.

**Article Info**

| Received | July, 2025 |
|---|---|
| Accepted | August, 2025 |
| Published: | October, 2025 |

**Keywords**

زانستی زمانی ناسینی، بچووکردنەوەی ناو، شاوەچە، لاگر، گۆڕانی ناونانەکان.

**Corresponding Author**

Bestoon.ali@univsul.edu.iq
jwana.husen@univsul.edu.iq

## پوختە

ناونیشانی (زانستی زمانی ناسینی (cognitive linguistic)و لێکچوون و جیاوازییە زمانییەکان تیایدا) بۆ ئەم لیکۆڵینەوە دانراوە، پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە دیاردەی لێکچوونو جیاوازییە زمانییەکان، کە لە زماندایدا هەیە، تا چی ڕادەیەک دەتوانرێت، ئەم لێکچوون و جیاوازییە گشتاندنو لێکۆڵینەوەی بە پێی پولەئاخاوتنییەکانی زمانو تیۆری زانستی زمانی ناسینی تیایدا بکرێت؟ دووبارەبوونەی فۆرمە لێکچووەکانی زمان لە پۆلەئاخاوتنە جیاوازەکانی وەک: ناوو کرداردا چۆن کاردەکات؟ ئایا دەتوانرێت لاگرەکان (پێشگروپاشگر) وەک ناوەکان شاوەچەیان (پرۆتۆتایپیان) دیاریبکرێت؟ ئەمانە گرنگترین ئەو پرسیارانەن، کە بۆ وەڵامدانەوەی لێکۆڵینەوەکە کراوە، شیکردنەوەویش لەسەر ئەوە کراوە، لەناو لێکچوونە زمانییەکانەوە، جیاوازییەکانیش بوونیان هەیە، لێرەوەیە جیاوازیو لێکچوونە زمانییەکان بە دیاردەیەکی زمانی دانراوە، بەڵام وردەکاری زمانیی تیایاندا هەڵگیراوە، هەوڵدراوە ئەو وردەکارییە بخرێتەڕوو، بە پێی تیۆری زانستی زمانی ناسینی لە ئێستای زمانو هەندێك کات لە مێژووی زمان نموونە وەرگیراوە، تا ئەنجامی زانستی بخرێتەبەردەست. یەکێك لە ئەنجامەکەکانیش بریتییە لە: بچووکردنەوەی ناو لە ڕێگەی (- ە)، لە ناوێکەوە بۆ ناوێکی تر پێکهاتەی ناوەکە دەگۆڕێت، چونکە ناو وەک کردار خاوەنی ڕەگو قەدی دیاریکراو نییە، لێرەوەیە لێکچوونو جیاوازییە زمانییەکان، لە ناوەڕۆکی ناوو کرداردا جیاوازیان هەیە.

## پێشەکی:

زمان خاوەنی ڕەگە لە جەستەی مرۆڤدا، بەشێکی زۆری پەیوەندییەکانی مرۆڤ، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی‌و زانستی لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێت، هەتا پەیوەندی لە نێوان زەوی و جیهانی نەبینراوی/ کەم-بینراوی خوای گەورەدا کە هەبووە، کە گەورەترین جۆری پەیوەندییە، ئەوە لە ڕێگەی زمانەوە بووەو بە زمان لێیدواون و دواجار بەرهەمی زمانەکەیش لە ناو ئاییندا بە کتێب کراوەو کتێبەکەیش لەبەر ئەوەی بەرهەمی ئەو پەیوەندییەیە، پڕە لە ڕێنمای‌و ئاگادارکردنەوە، سەرهات‌و مژدەدان‌و ترساندن‌و هیواو ئومێدی لێخۆشبوون، ترس‌و تۆقاندن‌و تۆڵەسەندنەوە، جۆری کەسایەتی‌و ...هتد، لە کاتێکدا بە نووسین کۆکراوەتەوە – دواجار نووسینەکەیش بەرهەمی زمانە، (کە ئاخاوتنە) دەپارێزێت - پیرۆزکراوە، چونکە لە کتێبی ئاسمانی (قورئان)دا، وەک بەرنامەیەکی ژیان بۆ مرۆڤ دانراوە، هەڵە لە بەرنامەو ڕێنمایەکەیدا نییە، لێرەوەیە زمان فرەڕەگ دەردەکەوێت، ڕەگێکی لە ناو دڵدایەو مەبەست‌و نیاز پاڵپشتییەتی‌و مەبەستێک دروستدەکات. ڕەگێکی تری زمان، لە ئاوەزدایەو بیروڕای جیاوازی زمانی، هزری، کۆمەڵایەتی‌و..هتد بەرهەمدێنێت، ڕەگێکیشی لە ناوهەستەکاندایەو وەڵامدانەوەی خێرای بۆ شت و بابەتەکان هەیە، تا بە شێوەی دروست بیگوێزێتەوەو لێکتێگەیشتن بهێنێتەئاراوە، کەواتە شیکردنەوەی زانستی ناسینی (بۆ زمان) فرەڕەهەندەو ئاسان زمان شیناکرێتەوە، لێرەوەیە وشە، ڕستە، دەقو ...هتد، خوێندنەوەی جیاواز-جیاواز هەڵدەگرێت.

لێکچوون‌و جیاوازی دوو دیاردەی زمانی جیهانییە، بۆ ئەوەیە، تا مرۆڤەکان باشتر لە یەکتر تێبگەن‌و یەکتری بناسن، لێکچوون‌و جیاوازی دوو چەمکی جیاوازن لە ڕووی وشەوە، لێکچوون (هاوبەشییە)، بنەمایە بۆ جیاوازی‌و جیاوازیش بنەماکەی (کەمی هاوبەشییە) بۆ لێکچوونی کەسەکان و زمانەکەیشی دەردەخاتەوە، بۆ نموونە، دووچاو، یان زمان، بنەمای هاوبەشی جەستەی مرۆڤەکانە، بەڵام ڕەنگی چاو، قسەپێکردنی زمان‌و...هتد، دووبارە دەبنەوە بە جیاوازی نێوان کەسەکان. یان کاتێک لە زماندا ڕاناوی (من) بەکارهاتووە، وەک ئاخێوەر، لە بەرانبەریدا ڕاناوێکی جیاوازتر بەکارهاتووە، کە ئەویش (تۆ)یەو مەبەستی ئاماژادانە بە گوێگر – کە جیاوازە لە ڕاناوی یەکەمی (من)، کە ئاخێوەرە، بەڵام تا {من‌و تۆ} پێکەوە قسەنەکەین، گفتوگۆ کە بنەمای زمانە نایەتەئاراوە. کەواتە جیاوازی‌و لێکچوونەکان لە زمان‌و ژیاندا تەواوکەری یەکترین. واتە زۆربەی کات لە گفتوگۆدایە، کە لێکچوون‌و جیاوازییەکانی زمان و بیروڕای کەسەکان دەردەکەون، لێرەوەیە لە زماندا ئەم زاراوانە، لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ناونیشانی (زانستی زمانی ناسینی‌و لێکچوون‌و جیاوازییە زمانییەکان تیایدا)ی بۆ دانراوە، شیکردنەوە لەسەر ئەوە کراوە، لە ناو لێکچوونە زمانییەکانەوە، جیاوازییەکان بوونیان هەیە، لێرەوەیە جیاوازی‌و لێکچوونە زمانییەکان بە دیاردەیەکی زمانی دانراوە، بەڵام وردەکاری‌و نادیاری زمانی تێیاندا هەڵگیراوە، هەوڵدراوە ئەو وردەکارییە بخرێتەڕوو.

ئەم لێکۆڵینەوە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: بۆ شیکردنەوەی تیۆری‌و ناساندنی چەمکە پێویستیەکانی بواری زمانەوانی ناسینی وەک: واتاو ڕێزمانی بونیاتنان لێکۆڵینەوەیان تێدا کراوە، چۆن لە ڕێگەی ڕێزمانی بونیاتناوە واتای جیاواز بەرهەم دێت - خراوەتەڕوو. بەشی دووەم: بەشێکی کارەکییە، کە لێکۆڵینەوەی لە لێکچوون‌و جیاوازییە زمانییەکان کردووە، هەوڵدراوە ئەنجامی نوێی زانستی لەسەر کۆمەڵێک لە دیاردەکانی زمان وەک: بچووکردنەوەی ناو، لاگرەکان (پێشگرو پاشگر)و ...هتد بخاتەڕوو.

## 1.چەمکی زانستی زمانی ناسینی لە بواری زمانەوانیدا

هەموو زمانێکی زیندوو ئەرکی ئەوەیە، بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بە یەکتری بگەیەنێت، واتە زمان "ئامراز‌و هۆکاری پەیوەندکردنی نێوان قسەپێکەرانێتی، کە بە شێوە سروشتییەکەی دەناسرێتەوە" (حەمەئەمین، 2025، 52). زانستی زمان، زاراوەیەکی بناغەییە، بۆ هەموو ئەو تیۆریانەی، کە لەسەر شیکردنەوەی زمان کاردەکەن. بە کورتی لە کۆنەوە وا باسکراوە "زانستی زمان بە شێوەیەکی گشتی لە گۆشەنیگای (فارابی: 870-950.ز)ەوە، ناسراوە بە مامۆستای دووەم، واتە ئەو مامۆستایەی دوای مامۆستای یەکەم (ئەرستۆ) هاتووە. (ئەلحەسەن، 2012، 344). بڕوای وایە دوو جۆرە: "**یەکەم:** فێربوونی ئەو وشانەیە، کە لە ناو میللەتێکدا واتایان هەیەو زانینی سنووری واتای ئەو وشانەیە. **دووەم:** ئەوەیە، کە لە یاساکانی وشەکان تێبگەیت، یاساکان لە هەر دەربڕاوێکی زماندا هەیە – گشتییە، زۆر شت لە خۆدەگرێت‌و لەسەر تاکی کۆمەڵگەیە تەنیا فێریبین" (فارابی، 41:2002). واتە فێربوون‌و تێگەیشتن ئەو دوو جۆرەیە/بنەمایە، کە زانستی زمان کاری لەسەر دەکات. کەواتە زانستی زمان ڕێگایەکە، بۆ ئەوەی وشەکانی زمان دیاریبکات‌و لە واتا وردەکانی لێکۆڵینەوە بکات، پاشان یاسای وشەو ڕستەو ڕیزکردنەکانی لە دەقدا دەربخات، پاشان هەنگاو بە هەنگاو زانستی زمان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، ناوی نوێ‌و شیکردنەوەی نوێیش بۆ زانستی زمان زیادکراوە، وەک: زانستی زمانی ناسینی، زانستی زمانی هەستی ... هتد. لێرەدا باسی زانستی زمانی ناسینی دەکرێت.

ئەم زانستە، بە زانسێتکی ئاوەزی ناسراوەو ئاوەزیش بنەمای ئەم زانستەیە. لەسەرچاوەکاندا هاتووە، کە ڕوانینێکی گشتیگیرو سەلمێنراو لەسەر زمان دەخاتەڕوو، مشتەی نموونەکانی لە زمان‌و بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئاخاوتنی کۆمەڵایەتیدا بۆ لێکۆڵینەوە وەردەگرێت، وەک: (میتافۆر، دراما، کەرەستەکانی ژیان (کوپ، خانوو، کورسی‌و ...هتد). لێرەوە دەگوترێت: "زانستی ناسینی ئەو زانستەیە، لێکۆڵینەوە لە نێوان ئاوەز‌و بەرهەماکانی ئاوەز، کە زمانە دەکات"( https://youtu.be/SSmD5RREqiY?si=LJXfzfVRT6sszJAX). واتە زمان خاوەن ڕەگە، ڕەگێکی لە ئاوەزدا هەیە، لە ڕێگەی ئەم زانستەوە لە ئەو ڕەگوڕیشەی زمانە، کە زمان و پەیوەندی دەربڕاوەکانە لە ئاوەزدا توێژینەوە دەکرێت.

زانستی زمانی ناسینی، گفتوگۆو مشتوومڕ لەسەر زمان دەکات، زمان بە بنەمای کۆزانینی (مەعریفە) بەڕێوەدەبرێت. ( William Croft &D. Alan Cruse (2004: - i). واتە زمان بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی هەموو ئاستەکانەوە، وەک یەک جەستە لە بەکارهێنانو گەیاندنی واتادا بەشدارە، بە دیوێکی تردا هەموو ئاستەکانی زمان پێکەوە دەتوانن، مەبەستەکانی ئاخێوەرو گوێگر بە یەکتری بگەیەنێت. لە کاتی ئاخاوتن/نوسیندا کەسەکان بە کۆزانینی تەواوەوە پەیوەست بە چێوەی بۆنەی قسەکردنەکە دەدوێن. دواتر بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان پێوستە، ئەو کۆزانینە دووبارە پێشچاوی بخەینەوە، بە ئەمە دەگوترێت زانستی زمانی ناسینی، کە بە چەند ڕێگایەک لێکۆڵینەوە دەکات.

## 1-2. بەراییەک لەسەر زانستی زمانی ناسینی

ئەم زانستە یەکێکە لە ئەو زانستانەی بە هۆی کەموکوڕی لە تیۆرەکانی پێشوترەوە کاری تێداکراوەو لە لێکۆڵینەوەی زماندا وەک تیۆرێکی نوێ هاتووەتەئاراوە. ئەو کەموکورییانەی لە تیۆرەکانی پێشووتردا هەبووە، لێرەدا هەوڵدراوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. لە تێورەکانی پیشووتردا، بۆ نموونە زمانیان بەسەر چەند ئاستێکدا دابەشکردووە، وەک: (دەنگسازی، وشەسازیو ڕستەسازیو واتاسازیو ...هتد)، بەڵام لە ئەم زانستەدا بڕوایان بە یەکگرتوویی ئاستەکانی زمان هەیە، لە دوو ئاستدا زیاتر لێکۆڵینەوە دەکرێت؛ کە ڕێزمانو واتایە (هەموو پەیوەندییە واتاییەکان دەگرێتەوە)، لە ڕێگەی چەند زاراوەیەکەوە ئەم تیۆریە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر زاراوەکانو ڕێساکانی زانستی زمانی ناسینی، بڕوانە: [کرۆفت، ولیەم و کرۆز، ئالان (2004: 1)، گریمانەکانی بە ئەم شێوەیە لە سێ خاڵدا خستووەتەڕوو:

**یەکەم:** زمان هێزێکی زانینیو دامەزراوەیەکی جێگیرو سەربەخۆی نییە، واتە دامەزراوەیەکی تەواو سەربەخۆ نییە.

**دووەم:** ڕێزمانو یاسای زمانی بەچەمکردنو ڕوانینییە (واتە: لە ڕێگەی ڕوانینو بەچەمکردنەوە - واتا دیاردیدەکات.).

**سێیەم:** کۆزانیارییەکانی زمان لە بەکارهێنانی زمانەوە پەیدابووەو هەڵگۆزراوە، ئەم بیروڕایانە لێکۆڵینەوەیان تێدادەکرێت، بۆ زانیاریی زیادتر لەسەر زاراوەکانو ڕێساکانی زانستی زمانی ناسینی، بڕوانە: (ڕەحیم، 2019،34-42). لێرەوە لە ڕێگەی زاراوەکانیو وەچە تێۆرییەکانی لێکۆڵینەوەکە دەخەینەڕوو:

**یەکەم: چەمکی بەجەستەکردنی زمان:** لە ئەم زانستەدا، زمان بریتییە لە بەجەستەکردن، واتە زمان لە جەستە جیانابێتەوەو جوڵەکانی مرۆڤە سەرچاوەی واتای دەربڕاوەکانی مرۆڤ پێکدەهێنێت. (چەند وەچە تێۆری لەسەر ئەمە دانراوە، وەک: سکێمای دەفریو...هتد، بۆ زانیاری زیادتر بڕوانە ئەحمەد، 2004، 60)، یان جووڵەو شتو بەرهەمی ئاوەزی مرۆڤ ... هتد، سەرچاوەی پێکهاتنی ناوانو زمان پێکدەهێنێت، بۆ نموونە: کەسێك بە سەر شەقامێکدا دەڕوات، کەسێکی تر لە ئەو سەری شەقامەوە بەرەوڕووی ئەم دێت، هەردووکیان ڕێگا دەبڕن، بەڵام لە گۆشەی بینینەوە ناوی جووڵەکان دەگۆڕێت، وەک (ڕۆشتن) بە نموونە وەربگیرێت:

1.ا. ئەو ڕۆشت.

1.ب. کەسێك لە پێشمەوە دەڕوات. (جووڵەکە: ڕۆشتنە).

1. پ. کەسێك بەرەوەڕووم دێت. (جووڵەکە: هاتنە).

لە ڕستەی (1:ا)دا جووڵەکە گشتییەو یەک جۆری جووڵەیە، ئەم جووڵەی جەستەیە لە زماندا بە (ڕێکردن) ناونراوە. لە ڕستەی (1:ب)دا، (جووڵەکە: ڕۆشتنە) لە ڕستەی (1:پ)دا، جووڵەکە (هاتنە). واتە (هاتنو ڕۆشتن) لە گۆشەنیگای کەسەکەوە بە پێی ڕوانینی کەسەکە ئاراستەکەی دەگۆڕێت، لە کاتێکدا لە هەردوو باردا قاچ لەسەر زەوی جووڵەدەکات، بەڵام بە هۆی ڕووگەی جووڵەکەوەیەوە ناوی جوڵەی جەستە ناونراوە. لە چەمکی بەجەستەکردندا، شوێنو جووڵەی کەسەکان بەرانبەر شوێنو جووڵەکانی دەوربەرو کەسەکانی تر، واتای چەمکی بە جووڵەکانی جەستە دەداتو ناویان دەنێتو لە زماندا ڕەنگدانەوەی هەیە، لێرەوەیە زمان بە جەستە دەکرێت. کەواتە جوڵەی جەستە لە زماندا ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیەو بە جەستەکردن دروستدەکات. کەواتە سەرچاوەی ناونانی جووڵەکان بە وشەکان جەستەیە لە هەردوو ڕستەکەدا، بەڵام ئامانجەکە جارێک (ڕۆشتن)ە، و جارێکی تر (هاتن)ە. هەر لە ئەم بارەیەوە، باوترین بوارەکانی سەرچاوەی زمانی دیاریکراوە، بۆ چەمکو دارشتەی چەمکو هەموو ئەو بوارانەی کە زمانی تێدا بەکاردێت. بوارەکانی سەرچاوەی وشە، یان میتافۆرییەکان بریتیین لە: "لەشی مرۆڤ (لەشساغی/نەخۆشی)، ئاژەڵ، ڕووەک، باڵەخانە، تەلار، ئامێرو مەکینەکان، وەرزشویاریکردن، ماڵی ئابوریو دراو، خواردنو چێشتلێنان، ساردیوگەرمی، ڕووناکیوتاریکی، جووڵەکانی مرۆڤو گیاندارانو رووگە...هتد، باوترینو دیارترین بوارەکانی ئامانج بریتییە لە: سۆز، ئارەزوو، ئاکار، ئاوەز، بیر، زمان، نەتەوە، ئامانج، ڕامیاری، پەیوەندییە مرۆییەکان، پەیوەندیکردن، کات، ژیان، مەرگ، خۆشی، ناخۆشی ...هتد" (جەواد، 2021، 48) ئەویش لە (کۆڤێچێش، 2010، 18-28) وەریگرتووە.

وەک شیکرایەوە، سەرچاوەی وشەکە هەیە، ئامانجی لە وشە دروستکردندا هەیە، بە ئەم شێوەیە، یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکان جەستەی مرۆڤە، کە گەلێك ئامانجی زیادتر لە دروستکردنی وشەدا هەیە، کە لێرەدا لە بەر سنووری لێکۆڵینەوەکە ناتوانرێت هەمووی دیاربکرێت، با سەیری ئەم دەربڕاوەی زمان بکرێت. (تەنگوچەڵەمە).

2. ا. کراسەکە لە بەرمدا تەنگە (تووندە/تەسکە).


ب.ئەو پیاوە لە تەنگوچەڵەمە دایە.

لە ڕستەی (2/ا) دا، وشەی (تەنگ) سەرچاوەکەی جەستەیە، کاتێك پۆشاکێك لە بەردەکەیت تەنگە، کاتێك، ( لە بەرمدا تەنگە) دەردەبڕیت، دۆخی دەروونی ناخۆش هەیەو ئامانجێکت هەیە، کە ئەویش جەستەت بە لەبەرکردنی ئەو جلوبەرگە دۆخی باش نییە، کە دەتەوێت کراسەکە بگۆڕیت، بۆیە وشەی (تەنگە) دەردەبڕێت، دواتر ئەم وشە بە بنەما بووە تا وشەی تر دروستبکات. ئەم جۆرەی کە

وێنەی جەستەی وەک وێنەیەکی ئاوەز لە شێوەی دەفری/ سکێمای وێنەیەکی ئاوەزی تەماشاکراوە، (جۆنسۆن) ئەم جۆرەی دیاریکردووە، کە بڕوای وایە، مرۆڤ لە ئەنجامی ئەزموونی مانەوەی لە شوێنێکدا کە قەبارەی هەبێت، مرۆڤ بتوانێت جێگەی خۆی تیادا بکاتەوە، وەک: ژوورێک، ئەشکەوتێکو ...هتد، خاوەنی ئەو چوارچێوە بێت، لەش‌و جەستەی خۆی وەک مادەیەک لەبەرچاو دەگرێت‌و دەتوانێت لە ئەو جێگەو شوێنە قەبارەدارەدا خۆی ببینێتەوە، لێرەدا تەنگوچەڵەمەی وەک شوێنێکی ناخۆش وێنەکردووە، کە جەستەو ئاوەزی لە ئەو شوێنەدایە و بە هۆی تەنگبوونی دەروونییەوە، جەستەیەشی لە تەنگیدایە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سکێمای وێنەی ئاوەزیی بڕوانە: (ئەحمەد، 2024، 93-102)و ئەو سەرچاوانەی لە ئەوێدا هاتوون.

لە ڕستەی دووەمدا (تەنگ+و+چەڵەمە: تەنگوچەڵەمە)هەیە، کە بە واتای گیروگرفت - هاتووە، ئەمیش سەرچاوەکەی هەر جەستەیە. ئەو هێڵە سوورەی هەر دوو لای چەپ‌و ڕاستی لاشەی بەیەکەوە بەستووەتەوە، پێدەگوترێت (چەڵەمە/چەڵەمەی شان)، کە بە واتای توندی پێکەوەبەستن‌و گرێدان هاتووە. کەواتە سەرچاوەی وشەی (تەنگ، چەڵەمە) هەردووکیان بۆ جەستە دەگەڕێتەوە، کاتێک بەیەکەوە بەستراونەتەوە بووە بە (تەنگوچەڵەمە)، (و) وەک مۆرفێکی وشەدارێژ هەر بەرهەمی جەستەیە-زمانە.

(تەنگوچەلەمە) یەکێک لە واتاکانی ئەوەیە، کە کەسێک کێشەی گەورەی هەیەو لە ناو کێشەدایە. سەرچاوەی وشەکەی بۆ وێنەی دەفری ئاوەزی – کە بەهۆی جەستەوە دروستکراوە - گەڕاندووەتەوە، ئامانجەکە دۆخێکی دەروونی‌و جەستەییە. لێرەوەیە دەگوترێت زمان بەجەستەکردنە، یان سەرچاوەی بەشێکی زۆر لە وشەکانی زمان بۆ جەستەی مرۆڤ‌و گیاندارانی تر دەگەڕێتەوە.



**((وێنەی ژ. (1) چەڵەمەی شان))**

((وێنەکە بە دەستکارییەوە لە ((https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D8%B1%D9%82%D9%88%D8%A9)) بەدەستکارییەوە – وەرگیراوە)).

**دووەم: دارشتەی واتایی، دارشتەیەکی چەمکییانە:** ئەوە باوە لە وشەدا چەند پەیوەندییەکی گرنگ هەیە، بۆ نموونە؛ یەکێکیان: وشە پەیوەندی بە دنیای دەرەوە هەیە، یان دەرەوەی زمان هەیە (زمان‌و ڕاستیی ژیان)، ئەوی تریان: وشە پەیوەندی بە ناوەوەی زمان هەیە، کە بە ئاوەزەوە بەندەو دارشتەی چەمکی دروستدەکات، بۆ نموونە:

1.3. کوڕەکە هات. (کوڕ: + مرۆڤ + نێر+ ڕەبەن ...هتد) واتای وشەکە پەیوەست بە دنیای دەرەوەو فەرهەنگی زمان واتاکەی باسدەکرێت، بەڵام کاتێك چەمکی (مرۆڤ) لە پێکهاتەی واتای (کوڕ)دا هەیە، ئاوا شیدەکرێتەوە: هەموو کوڕێک مرۆڤە، بەڵام هەموو مرۆڤێك کوڕ نییە، واتای مرۆڤ‌و تۆڕی پەیوەندییە واتاکانی ئەم چەمکە لە ناو ئاوەزدا بۆی دەگەڕێت، زۆر فراوانترە لە واتای دەرەوە، بۆ نموونە مرۆڤ: (پیاووژن، کوڕو کچ، منداڵ و مێرمنداڵ، واتای مرۆڤبوون: خاوەنئاوەز، ڕەوشت، قسەکردن، کرداری باش ....هتد)، کە دەیان واتای هەیە، کۆڕای پەیوەندی و جۆرەکان‌و تایبەتمەندییە مرۆییەکان‌و ئایینیەکان دەگرێتەوە، بەڵام لە چەمکی کوڕدا، مرۆڤ تەنیا مەبەستی واتای ئاوەزیی بۆ کوڕەو سونردارە، بەڵام کاتێک وشەی (کوڕ) کۆی بەکارهێنانەکەی (کوڕ) لە زماندا مەبەستە، واتای ئاوەزی فراوانتری هەیە، بۆ نموونە:

3.ب. بەخوا ماڵێکە، حەوت کوڕ دەژی. (لێرەدا بەهای شتەکە، بە کوڕ بەرزدەکرێتەوە، واتە کوڕ یەکەیەکی پێوانەیە).

3.پ. کوڕم ئەوێت، بتوانێت لە ئەو ئاوە بدات. (کوڕ: واتای لێهاتووی و بەهێزی هەیە، لێرەدا واتای بەهێزترین کەس دەدات).

3.ت. کوڕە گەورەمە. (واتە نۆبەرەی منداڵە).

3.ج. بە باوکی کوڕ بیت. (منداڵ هەبوو، کوڕبێت، بەهادانی کۆمەڵایەتی کوڕ بەسەر کچدا).

وەک دەبینین، وشەکە لە ڕستەوە ببەینەوە ناو تۆڕی بەرهەمهێنانی سەرچاوەکەیەوە، کە ئاوەزە، چەندین واتای تر لە وشەی (کوڕ)دا، کۆبووەتەوە، ئەم زانستی زمانی ناسینییە، بۆ واتای وشەکانی زمانە، کە لە ئاوەزدا واتاکانی تۆڕی پەیوەندی چڕو فراوانیان هەیە.

**سێیەم: واتای زمان، واتایەکی دانشنامەییە (ئینسکلۆپیدییە):** واتاسازی ناسینی بە شێوەیەک واتای زمان دەردەهێنێت، بە دوای کۆی بەکارهێنانیدا لە دەرەوەی ئاوەزو لە ناوەوەی ئاوەز دەگەڕێت، وەک فەرهەنگی وشەیی نییە، وشە بەرانبەر وشە دابنرێت، بەڵکو فەرهەنگی ئاوەزی وشەکان دەردەهێنرێت، ئەم واتایەش نزیکە لە واتای دارشتەی چەمکییەوە، بۆ نموونە:

4.ا. ئەو منداڵە دانی دەرهاتووە. (واتای بنەڕەتی).

ب. دانێکی زنجیری قەمسەڵەکەم شکاوە.

پ. دانی ئاڵتونی بۆ دەم شیاوە؟

ت. دانی تەماحت دەربهێنی باشترە.

نموونەکانی (4/ا-ت) هەموویان لە وشەی (دان)دا هاوبەشن‌و بە هۆی بەکارهێنانی جیاوازەوە لە واتادا جیاوازن، بەڵام بە هۆی وشەی (دان)ەوە، کە وەک چەمک لە ئاوەزدا پەیوەندییان پێکەوە هەیەو یەکیانگرتووەو چەمکی واتای دانیان پێکهانەوەو واتایەکی دانشنامەی ئاوەزی کۆیکردوونەتەوە. بە کۆکردنەوەی واتاکانی (دان) لە دەرەوەی زمان و ناوەوەی زمان بە واتای دانیشنامەیی ناسینی ناودەبرێت.

**چوارەم: پێکهێنانی واتای زمانی چەمککردنە:** لێرەدا مەبەستی ئەوەیە، کە منداڵ لەدایک دەبێت، قسەناکات‌و گوێدەگرێت، بۆ ئەوەی دواتر بزانێت، چۆن قسەبکات‌و چی بڵێت. منداڵ واتاو پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاوەزدا وەک چەمک تۆماردەکات، کە چەمک پەیدابوو و دواتر بە هەوێنی ئەم چەمکە، دەیان و هەزاران وشە لە زماندا وەردەگرێت‌و ئاخاوتنی پێدەکات. واتە لە واتاسازیی چەمکدا واتای دەرەوەو واتای ناوەوەی ئاوەز وەردەگرێت و بە پێی بەکارهێنانە جیاوازەکانی شیدەکاتەوە، کە لە ناو کۆمەڵدا بەکاریدەهێنێتەوە، کاتێکیش مرۆڤ گەورەدەبێت، هەر چەمکێك لە ئاوەزدا تۆماردەکات، وەک منداڵ تۆماری دەکات، بەڵام ئاڵۆزترو فراوانتر، تۆڕی پەیوەندییە واتاییەکانی گەورە لە ئاوەزدایەو تێگەیشتن‌و بەکارهێنانی لە منداڵ زۆر زیاترە، بۆ نموونە:

5/ا.با پێت بڵێم من دەوڵەمەند نیم! – خەمت نەبێت، نان‌و ئاویش بێت، من پێی ڕازیم.

ب. با پێکەوە نانێک بخۆێن.

پ. ئەو نانە نانە، ئەمرۆ لە خوانە.

وەک لە (5/ا)دا هاتووە، نان بە واتای ئەو نانە هاتووە، کە سەرچاوەکەی لە گەنم/جۆ دروستکراوە، جۆرێک لە واتای بێتەماحی دەگەیەنێت، لە ڕستەی (5/ب)دا، ئامانج خواردنی ژەمێک نان خواردنە، لە ڕستەی (5/پ)دا ئامانج ئەو دۆخەو ئەو شتانەیە، ئێستا هەیە، وەک دەبینرێت هەموو ئەم واتایانەو زیاتریش لە ئاوەزدا پەیوەندی بە واتای وشەی (نان)ەوە هەیە، کە بەئێەزموون وردە وردە ئاخێوەری کوردزمان فێری تێگەیشتن‌و بەکارهێنانی واتای وشەکانی زمان بووە، بۆ زانیاریی زیادتر بڕوانە: (7-59 ،2004) William Croft &D. Alan Cruse، کەواتە لە چەمکدا سەرچاوە دەکرێت یەک بێت‌و ئامانج‌و واتا بە پێی پێوستی جیاواز بێت. وەک دەبینین لێکچوونەکان لەناو خۆیاندا جیاوازی بە پێی باردۆخ هەڵدەگرن.

کەواتە دەتوانرێت بگوترێت: واتاسازی ناسینی یەکسانە بە: واتای وشە دەربڕاوەکانی زمان، لە تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و سروشتی دەرەوەداو تۆڕی پەیوەندی ئاوەز کۆی واتاکانی پەیوەست بە واتا ناوەکییەکانی ئاوەزەوە پێکهاتووە، هاوکات لە ناوئاوەزدا بە چی مەبەستێك واتا دەردەبریت، بۆ ئەو مەبەستە واتادارەو سنووری واتا مەبەستی ئاخێوەرە. مەبەست ئەوەیە، مرۆڤ لە ڕێگەی چەمکەوە واتاکانی لە ئاوەزدا هەڵدەگرێت‌و دنیای دەرەوە بە چەمکدەکات‌و لە چەمکەکاندا تۆڕی پەیوەندی واتایی لە ئاوەزدا هەیەو بە پیی مەبەست، بەکارهێنان، لێزانین، تەمەن‌و ...هتد، واتای جیاواز دەدەن، لە کاتێکدا لە ڕووی شێوەی وشەوە لە یەکدەچن، بەڵام لە ڕووی واتاو مەبەستەوە جیاوازن.

لە بواری زانستیشدا ئەم زانستە کۆکارەو بوارێکی نوێیە، ئەو زانستانە کۆدەکاتەوە لە یەک کێڵگەی زانستیدا ناسراون، وەک: (دەروونناسی، زمانەوانی، مرۆڤناسی، فەلسەفەو زانستی کۆمپیوتەر)، بەدوای وەڵامی ورد بۆ پرسیارەکانی وەک: ئاوەز/واتا چییە؟ چۆن لە ئەزموونەکەمان تێدەگەین؟ سیستەمی چەمکی چییەو چۆن ڕێکخراوە؟ ئایا هەموو خەڵک هەمان سیستەمی چەمکی بەکاردەهێنن؟ ئەگەر وایە، ئەو سیستەمە چییە؟ ئەگەر وانییە، بەتەواوی چ شتێکی هاوبەش لە شێوازی بیرکردنەوەی هەموو مرۆڤەکاندا هەیە؟ پرسیارەکان نوێ نین، بەڵام هەندێک وەڵامی ئەم دواییانە نوێگەری تێدایە (Lakofe:1987:xi)، وەک دیارە، لە ئەم بوارە سەرچاوەی زانستی زۆرەو نموونەیەک وەردەگرێت، کە کتێبێك بە ناونیشانی (ژن، ئاگر و شتە مەترسیدارەکان) لە لایەن (جۆرج لاکۆف)ەوە نووسراوە، لە ئەم ناونیشانە باسی هاوبەشی‌و جیاوازییەکانی تێگەیشتنی کەسەکان دەکرێت. ئەم ناونیشانە وەک دەربڕاوێکی زمان چەند جۆر تێگەشتنی لە لایەن خەڵکەوە/ڕێکخراوەنەوە بۆ کراوە، بۆ نموونە:

**بۆچوونی یەکەم:** ئەوانەی لە ڕێکخراوەکانی ژناندا کاردەکەن، ئەم ناونیشانەیان (ژن، ئاگر و شتە مەترسیدارەکان) پێچوانبووە. تێگەیشتنیان لە ئەم ناونیشانە ئاوا بووە: (ژن ئاگرەو مەترسیدارە)، لێرەدا وەک واتایەکی ئەرێنی‌و واتای جوان‌و بەهێز لە ناونیشانی کتێبەکە بۆ کەسایەتی ئافرەت تێگەیشتوون‌و (جۆرج لاکۆف)یان، بە هۆی ئەم ناونیشانەوە خۆشویستووەو دەستخۆشیانلێکردووە، چونکە واتای ڕۆشنایی ئاگرو هێزی ئافرەتیان لە ناونیشانەکەوە بۆ تێگەیشتن و درکپێکردنی خویان وەرگرتووە.

**بۆچوونی دووەم:** تێگەیشتنێکی جیاوازتر لە هەمان ناونیشانی کتێب هەبووە، بە شێوەی توانج لە ئەم ناونیشانە تێگەیشتوون (ژنان وەک درندەو ئاگر زیانبەخشن)، ئەمانە ڕقیان لە (جۆرج لاکۆف)بووە (لاکۆف، جۆرج: 1987، 5)، بە هۆی ئەوەی ئێمە لە چەمکی ناونانی شتەکاندا بەیەکەوە هاوبەشین‌و پۆلێیاندەکەین، ئەم تێگەیشتنە دژبەیەکانە بۆ یەک ناونیشانی کتێب دروستبووە، یەک ناونیشانە، بەڵام بە دوو تێگەیشتنی جیاوازەوە لێتێگەیشتوون، چونکە هەریەکەیان جەختیان لەسەر لایەنێکی واتای چەمکەکە کردووەتەوە.

## 3 -1 . لێکچوون و جیاوازییەکان لە گۆشەنیگای زانستی زمانی ناسینییەوە

ئەمانەی لای خوارەوە، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەن، لە بواری زانستی زمانی ناسییندا کراون، نموونەکانی ئەم (لێکۆڵینەوە، نامەو تێزانە) ئەم نموونانەی تێدایە، شیکراونەتەوە، بەڵام بە ئەم شێوەیە کە لێرەدا هەیە نییە، بەڵکو جیاوازە، چونکە ئاشکرایە لە لای هەمووان ڕۆژبەڕۆژ زانستو بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی لەسەر بابەتەکان دەگۆڕێت، بە هۆی ئەو گۆڕانە خێرایانەوە، کە لە جیهاندا ڕوودەدەن، خوێندنەوەی ئەم لێکۆڵینەوانە وایکردووە، کە بتوانین لە ئەم توێژینەوانەوەدا وەچەتیوریو شێوەی شیکردنەوەی جیاواز بخەینەڕوو. واتە هەوێنی ئەم لێکۆڵینەوەیە خوێندنەوەی ئەم کارە زانستییانە بووە، دەکرێت ئەم نموونانەی لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەیە وەک: (بچووکردنەوەی ناوی کەسی، لاگری وەک: هەڵ، ناوی خانە، شاوچە، گۆڕانی ناوی پێوانە، چاپچیوپینەچی بەرانبەر نەبوونی کتێبچی بۆ؟ (وەڵامدراوەتەوە)، سەربەرز بەرانبەر دەستبەرز، زاراوەی یاسایی ...هتد)، لە ئەم سەرچاوەنەی خوارەوەدا هەبن، بەڵام شیکردنەوەیان جیاوازە، واتە بیرکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵەروانەیە، هۆکاری خستنەڕووی ئەم شیکردنەوانەی خوارەوەیە و سوودیان لێوەرگیراوە، بەڵام ئەم شیکردنەوەیە، جیاوازی زۆری لەگەڵ شیکردنەوەکانی ئەواندا هەیە، لە شێوەدا لەیەکچوون هەیەو لە شیکردنەوەدا زۆر جیاوازن، واتە لە ئەم شەش سەرچاوەیەوەی خوارەوەیە، شیکاری نموونەکانی لێکۆڵینەوەکەی تێدا دەکرێت.

1. مەحمود، ئاڤێستا کەمال (2012) **پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
2. قادر، کاروان عومەر (2012) **سیستەمی درککردن، وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (35)، بەشی بێ، سلێمانی.
3. نەبی، ڕێبوار حەمە (2015)، **پەیبردنی شاوچە لە سیمانتیکی درکپێکردندا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سۆران، هەولێر.
4. فەرهاد تۆفیق حەسەن(2015)، **زمان لە ریکلامی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
5. شیلان ڕەحیم (2019)، **نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
6. حەمەغەریب، نالی ئەدهەم (2023) **درکپێکردنی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

## 2. زانستی زمانی ناسینیو شیکارییەک

ئەم زانستە، وەک زانستێکی نوێ لە زمانی کوردیدا لە گۆشەی تیۆری و کارەکییەوە، ماوەی دوازدە ساڵ زیاترە، کاری لەسەر کراوە، لە لێکۆڵینەوەکاندا بە شێوەکی گشتی تیۆرەکانی ئەم زانستە، باسکراون، بەڵام بە هۆی ئەوەی بابەتەکە نوێیە، (یان بە هۆی جیاوازی و ڕادەی بیری لێکۆڵەرەوان بۆ بابەتەکان) لە بواری کارەکیدا گرفت لە شیکردنەوەی نموونەکاندا هەیە، هەوڵدراوە بیرۆکە لە گرفتەکانەوە هەڵبهێنجرێتو وەک چەند وەچە – تیۆریی دابڕێژرێتەوە، لە گۆشەنیگای زانستی زمانی ناسینیەوە شیکردنەوەیان بۆ بکرێتەوە.

لە ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشوتردا لەسەر زانستی زمانی ناسینی (زانستی زمانی درکپێکردن) کراون، لە نموونە کارەکییەکاندا، کە لە زمانی کوردیدا شیکراونەتەوە، مۆرفێمی ڕێزمانیو وشەدارێژ (وەک: پێشگر/پاشگر) لێکچوونیان لە ئاستەکانی زمانو پۆلەئاخاوتنییە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا- هەبووەو دەرخراوە، ئەم لێکچوونە وایکردووە ڕوانینیان بە ئەو جۆرە بێت، کە ئەرکی مۆرفێمەکان لە زماندا لە ئاستێکدا ناوەستێتو لە ئاستەکانی تری زماندا چالاکنو ئەرکی تریان هەیە و ئەرکەکەکانیان لە ئەو ئەرکانە زیاترە، کە لە لایەن لێکۆڵەرانی ترەوە دیاریکراون. ئەم فرە ئەرکییەی مۆرفێمی (-ە)یە، وەک دۆزینەوەی نوێ لە زمانی کوردیدا باسکراوە، بەڵام ئایا مۆرفێمی/-ە، -ەکە/ تەنها ئەرکی لە بچووکردنەوەی ناوو دروستکردنی ئاوەڵناودا دەبینین، یان جیاوازترن، ڕوانینێک بە نموونەوە پێشکەشدەکەین.

لە زماندا مۆرفێمی لێکچوومان هەیە، بەڵام ئەم لێکچوونە مەرج نییە ئەوە بگەیەنێت هەر مۆرفێمێک لە زماندا لەیەکچوونیان هەبوو، هەمان شت بن، بۆ نموونە مۆرفێمی (-ە، -ەکە)، لە زمانی کوردیدا بە مۆرفێمی ناسراوی ناونراون. هەر ئەم مۆرفیمانە، لە ئاستەکانی تری زماندا لە پۆلەئاخاوتنەکانی وەک: (ناو، ئاوەڵناو، کردار)دا، دووبارەبوونەتەوە، ئەم دووبارەبوونەوەیە سەرنجی لێکۆڵەرانی ڕاکێشاوە، کە ئەرکیان فراوانترە لە ئەوەی دیاریکراون و تەنیا بۆ ناسراوکردن بەکاربهێنرێن، واتە فرە ئەرکبن، بەڵام ئایا فرە ئەرکن؟ یان نا؟ لە ڕێگەی نموونەکانەوە شیکردنەوە دەخەینەڕوو:

6.ا. کور+ە= کوڕە/ کوڕەکە. (ئاستی وشەسازی).

ب. تکایە کوڕە (کە) مەڕۆ. (ئاستی ڕستەسازی).

لە نموونەی (5:ا)دا، مۆرفێمی (-ە) ناسراوکردن، واتای تاکێتیو ناسراوی بەخشیووە. لە ڕستەی (6:ب)دا، (کوڕە) مۆرفێی (-ە) جگە ناسراویکردن، واتای ئاگادارکردنەوەیشی هەیە. وەک دەرکەوت هەمان مۆرفیم لە وشەسازییدا بەکارهاتووە، لە بواری ڕستەسازیدا بەکاردێتەوە، بە پێی بەکارهێنانی واتای هەمان مۆرفێم فراوان بووە. ئەمە ڕوانینی ناسینی (درکپێکراویی) ئەمڕۆییە بۆ واتای مۆرفێمەمەکە دەرخراوە. دەتوانرێت ئەرکی بانگکردنیشی بۆ زیادبکەیت، چونکە لە نموونەکاندا ئەم ئەرکەیش دەبینێت.

ڕوانینی تر لە بواریی زانستی زمانی ناسینیدا، واتای زیاتر بە دەربڕاوەکانی زمان دەداتەوە، چونکە ڕوانینەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێتو داهێنانیش لە گۆڕانکارییەکانی شیکردنەوەو واتاکاندا ڕادەی داهێنانەکە زیادتر دەردەکەوێت. لە ئەم گۆشەنیگایەوەیە،سەیری پۆلە جیاوازەکانی ئاخاوتن دەکرێت، تا بزانرێت واتاکانی تری مۆرفێمی (-ە) چییە؟ بە پێی زانستی زمانی ناسینی درکپێکردنی بۆ دەکرێت، یان (-ە)

دەرکەوتەی لە پۆلەکانی ئاخاوتن و ئاستەکانی تری زماندا هەیە و هەمان (-ە) نییەو جیاوازە، وەک وەچە تیۆری دیارەدە زمانییەکان لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو، شیکردنەوەی کارەکیانەی بۆ دەکرێت.

**یەکەم:** کاتێك لە زماندا، لە شێوەدا لە یەکچوون هەبوو، مەرج نییە لە ناوەڕۆکو واتایشدا هەمان لێکچوون دووبارەبێتەوە، یان هەمان کەرەستەبن، بۆ نموونە: بچووکردنەوەی ناو بە هۆی (-ە)، لە گۆشەی زانستی زمانی ناسینەوە، تەماشایدەکرێت.

ناو جۆری زۆرە، هەندێکی سادەیەو هەندێکی تریش هەیە: داڕێژراو، یان لێکدراوە، کە بەسەر مۆرفێمدا دابەشدەبن، بەڵام ناوی کەسی لێرەدا شیکردنەوە لەسەر بچووکردنەوەی دەکرێت، زیاتر جەخت لەسەر پاشگری (-ە،ۆ، ەکە)یە، نەک شێوەکانی تری بچووکردنەوە، کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سەعید، 2015)، باسی مۆرفۆلۆجی بچووکردنەوەی ناو بە وردی دەکات. ئەوە دیارە، کە بچووکردنەوەی ناو لە ڕێگەی پاشگرەوە دروستدەبێت. زانا (کروس) لە بارەی مەبەستەکانی بچووکردنەوەی ناوەوە دەڵێت: مۆرفێمەکانی بچووکردنەوە، زۆرجار بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستی، یان پیشاندانی هەستی خۆشەویستی، یان پیشاندانی پەیوەندی تێکەڵاوی، وێڕای ئەوانە بۆ بچووکردنەوەی قەبارەی کەرەستەکانیش بەکاردەهێنرێت ...هتد. (سەعید، سازان زاهیر: 2013: 28) ئەویش لە (Curuse:2006:50) وەریگرتووە. جگە لە ئەم مەبەستانە دەکرێت بۆ مەبەستی تریش پرۆسەی بچووکردنەوە بەکاربێت.

لە لێکۆڵینەوەکانی زمانی کوردیدا، بە شێوەیەکی گشتی مۆرفێمەکانی بچووکردنەوە `ژمارەیان (16)مۆرفیمە، واتە شازدە مۆرفێمی بچووکردنەوەو ئەلۆمۆرفەمەکانی دیارکراون وەک: (-ە، -ەکە، -کە، -لە، -چە ... هتد)و لە کۆی (220) نموونەی وەرگیراو بۆ شیکردنەوە، بە پێزی (-کە) بە ڕێژەی (46٪) پلەی یەکەمی بەرهەمی لە بچووکردنەوەی ناوەکاندا گرتووە، (-کەلە) تەنیا (3٪) کەمترین پێزی هەبووە. (سەعید، 2013: 59، 122). لە زمانی کوردیدا (-ە)، کە بۆ ناسراوکردن بەکارهاتووە، هەمان مۆرفێم (وەک شێوە) لە بچووکردنەوەی ناودا دەبینرێت، بەڵام ئایا هەمان مرۆرفێمەو دەتوانین وەک یاسای زمانی کوردی بۆ بچووکردنەوەی ناو لە زمانی کوردیدا دابنرێت، ئاشکرایە لە ئەم بارەیەوە (-ە) لە توێژینەوەکاندا وا ناوبراوە، بەڵام لێرەدا شیکردنەوەی لەسەر دەکرێتەوە.

پۆلەئاخاوتنی ناو (ناوی سادە لێرەدا مەبەستە)لە بواری زانستی زماندا، وەک پۆلەئاخاوتنی کردار نییە، بۆ ڕەگ، یان قەدی کردار بچووکبکرێتەوە، تا یاسایش بۆ بچووکردنەوەی ناوەکانیش – وەک کردارەکانی زمانی (قەد، یان ڕەگی بە پێی یاسای) زمانی کوردی وەربگرێت، لە بەر ئەوە بەشی یەکەمی ناو، یان کەرتی یەکەمی ناوەکە، لە ناوێکەوە بۆ ناوێکی تر دەگۆڕێتو ناوێک بۆ ناوی تر لە گۆشەی ژمارەی پیتو بڕگەوە جیاوازەو لێکچوونێکی کەم لە نێوانیاندا هەیە. لێرەوەیە  ئەوە قورسە/ناتوانرێت، یاسایەکی جێگیر بۆ بچووکردنەوەی ناو دابنرێت، ئەگەر دابنرێت، جێگیر نییە. مەگەر لە ڕوانگەی بڕگەکردنەوە، شیکردنەوە بۆ  بچووکردنەوەی ناوەکان (وشەکان) بکرێتو ئەنجامی نوێی لێوەربگریتەوە، با سەیری ئەم نموونانەی (2.او...هتد)بکەین، دیارە بڕگەکردن بە پێی دەربڕینی کەسەکان دەگۆڕێت، بەڵام ئەم جۆرە بڕگە تەنها بۆ شیکاری نموونەکانی ئەم لێکۆڵینەوە بەکارهاتووە.

7.ا. ئازاد: [ئا/زا/د]. کورتکردنەوە [ئا + زا: ئا+ زە] = ئازە. بزوێنە کورتەکە - وەرگیراوە.

لە (7:ا)دا، کورتکردنەوەی ئەم ناوە، لە چەند لایەکەوە لێیدەڕوانرێت، بۆ نموونە: وشەی (ئازە) لە ڕێگەی پێواژۆی ناسراوییەوە/-ەکە/ بچووک نەکراوەتەوە، بەڵکو پێدەچێت بۆ ئەوە کرابێت، کە (ئازاد: ئازا- ئازە) لە ئاوەڵناوی (ئازا) نەچێت، بۆیە (ا بۆ ە) گۆڕاوە. ئەمە ڕوانینێکە بۆ ئەم ناوە. واتە دەشێت دەنگی /ا/ بۆ /ە/ گۆڕابێت، یان ئەم ناوە بچووککراوەتەوە، لە بڕگەی یەکەم و بڕگەی دووەم درووستبووە. کاتێك /ز/ لە تەک پیتی /ا/ وەک خۆی بمایەتەوە، دەبوو بە (ئا+ زا)، (ئازا)یش، ئاوەڵناوە و لە ناوی (ئازاد) فۆڕمی ناوی ئازاد دورکەوتووەتەوە. کەواتە ئەمەیش لە زماندا ڕێگەپێدراو نەبووە. لێرەوە دەتوانرێت، هۆکاری ئاسان دەربڕینی /ە/ لە دەنگی /ا/ لە ئەم نموونەیەدا وەک وەچە تیۆرییەکی زمانی تەماشابکرێت.

لە زماندا زۆربەی کات، بە مەرجێك ڕێگە بە بچووککردنەوە/کرتاندن دراوە، کە بچووکردنەوەی ناوەکە لە سنووری ئەو ناوەدا تارادەیەک بمێنێتەوە، یان پەیوەستی بۆ ناوەکە بگەڕێتەوە. کەواتە لێرەدا گۆڕینی /ا/ کە بزوێنێکی درێژە بۆ /ە/ کورت،  پێدەچێت لە بەر ئەم هۆکارە بووبێت، کە کۆمەڵی کوردی وایداناوە و ئاسانیشە بۆ دەربڕین و دەنگی /ە/ لە /ا/ وزەی کەمتری بۆ دەربڕین دەوێتو کورترە، یان بە شێوەیەکی تر دەتوانین شیبکەینەوە، کە لە زماندا دوو بزوێن بە دوای یەکتریدا نایەن.

کەواتە ئەنجام: ئەم /ە/یەی لەسەر ناوی (ئازە)دا هەیە، پێناچێت بە دڵنیاییەوە پاشگری (ە)ی ناسراوی بێتو هەمان شتبێت، وەک لە لێکۆڵینەوەکانی تردا وا دانراوە، بەڵکو گۆڕاوی /ا/ بێت، لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن بە دوای یەکتریدا نایەت. ئەم بزوێنە/ا/یە، کرتاوەو پاشگرێی (ە) چووتەسەریو ناوەکەی بچووکردووتەوە، چونکە بزوێنی /ە/، بچووکترین دەنگی بزوێنی دیارە، ئەم بچووکی دەنگییە لێرەدا بۆ بچووکردنەوەی ناویش دەستبداتەوە، نەک بە هۆکاری ناسراوکردنەوە بێت، ئەمە لە گۆشەنیگای واتاوە.

لە ڕووی واتایشەوە، واتای (ئازاد) ڕێزی لەگەڵدایە، بەڵام (ئازە) بچووکردنەوەی تێدایە، بۆ سوکردن و کەم تەماشاکردنە،  هەندێک کاتیش لە نێوان هاوڕێیاندا بۆ خۆشەویستییە، بە پێی دەوروبەر واتاکەی دەگۆڕێت، ئەم واتایانەیش لە واتای (-ە)دا، چڕبووەتەوەو لە ئاوەزدا ئەو واتایانە گەشدەکاتەوە. کەواتە ئەم /ە/ی، هەمان هاوشێوەی /-ە/ ناسراوکردن نییەو جیاوازە، وەک پێشتر وا دانراوە، هەمان بزوێنی ناسراوکردن ئەرکی بچووکردنەوەیەش لەئەستۆ دەگرێت، لە بواری کۆمەڵایەتیدا لە شاری سلێمانیدا، کورتکراوەی (ئازە) لە ناو ئافرەتاندا بۆ کورتکردنەوەی ناوی (ئازیز)یش، بەکارهاتووە. وەک دەرکەوت (ئازە) لە ناوچەی سلێمانیدا بۆ هەردوو توخمی نێرو مێ بەکارهاتووە، نموونەی تر وەردەگیرێت، تا زیادتر ئەم بابەتە بخرێتەڕوو.

**7. ب. محەمەد: بچووکردنەوەی بە [حەمە]، بووە:**

محەمەد، لە زمانی کوردیدا بە چەند شێوەیەک گۆدەکرێت و دەنوسرێت، وەک: (محەمەد، موحەمەد، موحەممەد)، لێرەدا یەکەم شێوە وەردەگیرێت، چونکە شیکردنەوە لە هەمووپاندا ئاسان نییەو بڕیاردانیش قورسدەکات، لە (7/ب)دا، برگەکانی ناوەکە بریتین لە: [/م، حە، مەد/]و برگەی یەکەم [م+i] بە تەنیا دەرنابڕێت، برگەی [م+[i]، کە بزرۆکەی لەگەڵدایە، شێوەی دروستبوونی وەک نموونەی (2:ا. ئازاد: ئازە) نییە. بە پێێ هەمان یاسای ناوی (ئازاد) کورت نەکراوەتەوە. برگەی دووەم /حە/ بووە بە سەرەتای برگەی ناوە بچووکراوەکەی (حەمە). وەک شیکرایەوە، پێواژۆی برگەی دووەم /حە/ لە تەک بەشی یەکەمی لە برگەی سێیەم /مەد/ ئەم وشە دروستکراوە و هیچ پەیوەندییەکی بە (-ە، -ەکە) نییە. کەواتە کورتکردنەوەی ناوو مۆرفیمی ناسراوکردن، لە ئەم نموونەی تریشدا تەنیا لە شێوەدا لەیەکچوون هەیە، لە ناوەڕۆکدا جیاوزییان هەیە. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: بزوێن فۆنێمی سەرەکییەو پاشگر نییە، ئەگەر پاشگربوایە، دەبووە (حەم) ئەمەیش بە تەنیا دەرنابڕێت، بەڵکو (حەم) بۆ مناڵی کورد زۆربەی کات مەبەست خواردنە وەک: (حەم دەخۆی؟).

وایدەبینم ئەو ڕایەی کە پێوابووە، (کە (ە/ەکە) ناسراوی بۆ بچووکردنەوەی ناو بەکاردێت، بە تەواوی وانەبێت. نموونەی تریشمان لە زمانی کوردیدا زۆرە، وەک: (قادر: قالە. نەسرین: نەسە/ نەشە. ئیبراهیم: بلە) وەک دەبینین، لە ناوی (قالە، بلە) دوو دەنگی /ل، ش/ زیادبوون، کە کۆمەڵ دایناوە دەماودەمو سینە بەسینە گوازراونەتەوە. کەواتە یاسایەکی بچووکردنەوەی ناو، زیاتر بیستەنییەو باوێکی کومەڵاتییەو هەیە.

لە زمانی کوردیدا نموونەی جیاوازتری کورتکردنەوەی ناوی (محەمەد) مان هەیە، وەک (پلحە)، کە لەدەشتی زەهاودا باوە (چاوپێکەوتنی تایبەت: عەبدوڵا ئەبدولعەزیز نێرگسەجاڕی، 2025/1/1)، کە جیاوازە لە (حەمە)، ناوێکی کوردێنراوی کوردییەو عەرەبیش کەم دەیناسێتەوە، هێندە گۆڕاوە، یان بە شێوەیەکی تریش هەمانە، کە کورداندنی زیاتری پێوەدیارە، وەک (مەمەد)، کە لە باکووری کوردستاندا چالاکەو ناوی منداڵانی کوردە، لێرەوەیە دەگوترێت: لە وڵاتانی تریش، ناوەکە کورتبووەتەوەو برگەی /م، حە/ لە (مەمەد)ا، گۆڕاوە. کەواتە مەرج نییە، زمانی کوردی بە تایبەتی لەسەر یەک یاسای تایبەتی بڕوات، بەڵکو زمان فرەیاساو جیاوازی تێیدا هەیە، ئەویش بە هۆکاری زۆری واتاو کەمی دەربڕاوە، بەڵام دەتوانرێت جۆرێک لە یاسا دابنرێت، بۆ باش تێگەیشتنی زمانەکە، کە چۆن کاردەکات، تا ئێستا وادیارە ئەم دیاردە زمانییە، زیاتر بیستەنییەو دەماودەم هاتووە.

لە ناوی لێکدراویشدا (محەمەد)مان، هەیە، وەک: (محەمەد ئەمین)، سەرەتا ئەم ناوە بۆ (حەمە ئەمین) کورتکراوەتەوە، دوای ئەمیش بۆ (مینە) کورتبووەتەوە، کە لێرەدا کورتکردنەوەکە، لە کۆتاییە بووە بە شێوەیەک، کە برگەی کۆتاییەکەی وەرگێراوە (مین+ە= مینە). وەک لە شیکردنەوەکاندا دەرکەوتووە، ڕوانیمان بۆ کورتکردنەوەی ناو جیاوازە. پێواژۆی (پرۆسەی) کورتکردنەوە لە زمانی کوردیدا، ئاڵۆزترە لە ئەوەی کە باسکراوبووە. زۆربەی کات کۆمەڵ بڕیاری لەسەری داوە، دۆزینەوەی یاسایەک و گشتاندن لە مۆرفیمەکاندا لە هەندێک باردا کورت دەهێنێت. لە کۆمەڵی کوردەواریدا کاتێک کەسێکی گەورە لەگەڵ کەسێکی لە خۆی بچووکتر قسەبکاتو نەیناسێتو پێوستبکات بانگی بکات بە (حەمە/حەمەگیان) بانگی دەکات، کە لێرەوە سۆزی کەسەکە بە ئەو ناوە بەلای خۆیدا کێشدەکات. کەواتە بچووکردنەوەی ناو، لە ڕووی واتاییو لە ڕووی یاساییەوە زۆر وردەو بە یەک یاسای تایبەت (مەبەست ناسراوکردنە) ناکرێتو زیاتر بیستەنیو دەماودەمییە.

7.پ. ڕەشید: [ڕەشی+ە: ڕەشی / ڕەشە] /ە + ا/=/ە/: کورتەکە وەرگیراوە.

لە نموونەی (7:پ)دا، ناوەکە وا دیارە لە برگەکانی [ڕە، شید] پێکهاتووە، وشەی بچووکراوەی (ڕەشە) لە برگەی یەکەم وەک خۆیو برگەی دووەم بەدەستکارییەوە دروستبووە. واتە ئەم گوڕان و لێکچوونانە لە ئاستی دەنگسازی، نەک ئاستی وشەسازییدا دەردەکەون. وەک شیکرایەوە، ئەم ڕوانینە وردترە لە چاو ئەوانەی پێشووتردا، دیارە لە گۆشەی زانستی زمانی ناسینییەوە، مەرج نییە، (-ە) فرەئەرک بێتو بەڵکو (-ە) جیاوازن و لە ژینگەی جیاوازی دەنگسازی، وشەسازیو ڕستەسازیو واتاسازییەوە دروستبووە، بەڵێ لە ڕووی شێوەوە لە یەک دەچن، بەڵام لە ڕووی ئاستو واتاوە جیاوازن. کەواتە لە ڕوانگەی ئەم زانستەوە دەتوانراێت بگوترێت: لێکچوونەکانی مۆرفێمەکانی زمان، بە هۆکاری جیاوازی وەک: پۆلەئاخاوتنی جیاوازو ئاستی جیاواز، واتای جیاوازەوە بە هەمان شێوە دووبارەدەبنەوە، چونکە هەمیشە واتا لە زماندا لە دەربڕاوی زمانی زیاترە، مەرج نییە هەمووکات هەمان شت بن (یەک مۆرفێم بن).

لە ڕووی واتاییەوە، لە ڕستەکاندا واتای تر بۆ وشەی (ڕەشە) دەکرێت، بۆ نموونە ڕستەی (ئەوە ڕەشە)، ڕاناوی نیشانەی (ئەوە)، زۆرجار لە زمانی کوردیدا دەکرێتو (ڕەشە) بە تەنیا بەکاردێت، وەک: (ڕەشە، دەستی لێنەدەیت دەست ڕەش دەبێت). لە ڕستەدا (-ە) کردارێکە، کە ئاوەڵناوەکە تەواوکەری کردارە ناتەواوەکەیە. کاتێك ئاوا تەماشایی (ڕەش+ە)بکەین، لە تەک کورتکراوەی ناوی (ڕەشید: ڕەشە) هاوپیتن، هاودەنگ دەبن.

(ڕەشە) وەک کورتکراوەی ناوی کەسێك، واتای ڕەشێتی وەک ئاوەڵناوێك وەرنەگرتووە، کە چڕێتی لە ڕەنگدا دەردەخات، بەڵام لە هەموو وشەیەکدا ئەو واتایە ناگەیەنێت، بۆ نموونە لە وشەی (ڕەشەوڵاخ)دا، وشەی (ڕەشە) بە واتای گەورە هاتووە، چونکە هەموو مانگایەك/ وڵاخێك ڕەنگی ڕەش نییە، بەڵکو واتای گەورەی لە قەبارەدا دەگەیەنێت.

لە ڕستەی (ڕەشەگیان ماچێکم پێبدە)، بۆ بچووکردنەوەو خۆشەویستی بەکارهاتووە. یان لە ڕستەی (ڕەشە خوام ئەو خوایەیە، ئەو کارە دووبارەبکەبیتەوە)، لێرەدا بۆ بچوکردنەوە و جۆرێکە لە کەم بینینی کەسە بانگکراوەکە، کە وشەی (ڕەشە)ی بۆ بەکارهاتووە، یان دەکرێت (ڕەشە) وەک ئاوەڵناو بەکارهاتبێت.

لە دەربڕاوی (ڕەشەو خوێنی گەرمە)، ئەو واتایەی دەگەیەنێت مەرج نییە هەرچی ڕەشە ناشرین بێت، یان خودی وشەی (ڕەشە) کاتێک بۆ کەس بەکارهات، واتای بانگکردنو ئاگادارکردنەوەیش دەگەیەنێت. کەواتە واتای وشەکان لە بەکارهێنانە جیاوازەکاندا دەکرێت واتای پێچەوانەیش بەدەستەوە بدات.

هەندێك کات لە بواری کۆمەڵایەتیدا، کەسێك کە ناوی (ڕەشید) نییە، لە هەمان کاتدا ڕەنگیشی ڕەش نییە، بەڵام بە (ڕەشە گیان) بانگدەکرێت. ئەم جۆرە بانگردنەو ناولێنانە بۆ وشەی (حەمە)یش بەکاردێت. یان لە دەوروبەری شاری خانەقیندا زۆر کات (ڕەشید) بە (ڕەشیدە) بانگدەکرێت، بۆ خۆشەویستی، لە کاتێکدا (ڕەشیدە/ڕەشکە) (تێبینی:لە سلێمانی ناوی بەرهەمێکی دانەوێڵەی دەرمانییەو لە خانەقین نیوەناوە بۆ ڕەشید) هەمان ناوە بۆ پیاو بەکاردێت، پەیوەندی بە توخمی ناوبراو نییە. (چاوپێکەوتنی تایبەت: سەمینە محەمەد قادر: 2024/10/12 خانەقین). کەواتە ئەم بزوینەی بچووکردنەوە، جیاواز کاردەکات.

لە زمانی عەرەبیدا (تائی تەئنیس) بە هەر ناوێکەوە هەبوو، ناوەکە بۆ توخمی مێ بەکاردێت، لە زمانی کوردیشدا بۆ شە کوردییەکان(-ە) هەمانە، لە هەندێك ناوی عەرەبی لە زمانی کوردیدا هەیە، وەک: (نەجیب: نەجیبە، فەرید: فەریدە، حەسیب: حەسیبە، ڕەعد:ڕەعدە، ...هتد). وەک دەبینرێت لێرەدا ئەم بزوێنە جیاکەرەوەی ناوی (نێر) لە (مێی) لە پۆلەئاخاوتنی ناودا بەکارهاتووە، بەڵام لە زمانی کوردی و شێوەزارەکانی کوردیدا دەکرێت وەک زمانی عەرەبی نەبێت و جیاوازیمان لە زمانی عەرەبی هەبێت، وەک لەسەرەوە خرایەڕوو.

7.ت. مستەفا (واتە: هەڵبژێردراو)، کورتکراوەکەی (مچە)یە، لە [م/چە] پێکهاتووە: ئەم ناوە لە ئاینەوە وەرگیراوە، لە زمانی عەرەبیدا واتاکەی بریتییە لە: کردەی هەڵبژاردنی کەسێک لە نێوان هەزاران کەسدا هەڵبژێردراوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی واتای وشەی (مستەفا) کەم زانراوە، چونکە هەموو ئاخێوەرێکی کوردی مەرج نییە، ئاگایی لە وردەکاری واتای یەک بە یەکی وشەکان هەبێت، کە بەکاریدەهێنێت، بە تایبەت ئەوانەی لە زمانی بیانییەوە وەرگیراوەو کوردێنراوە. کاتێک ئەم ناوە بچووکدەکرێتەوە، بە (مچە: مچکۆ)، پیتی یەکەمی وەرگیراوە، لە کاتێکدا /چ/ لە ناو وشەکەدا  نییەو بۆی زیادکراوەو بە تەواوی کوردێنراوە، لەگەڵ بچووکردنەوەیدا (مچە) هەمان پیرۆزی ناوی (مستەفا) نییە. دەکرێت /چ/ کە فۆنیمێکی تەواو کوردییە، لە جیاتی /ص، ط/، کە دوو فۆنیمی زمانی عەرەبین دانراوە. کەواتە (-ە) کە لە ناوەکاندا دەبینرێت، هەمان مۆرفیمی ناسراوی نییەو دەکرێت مورفیمی گۆڕاوبێت، وەک لە نموونەی (مستەفا – مچە)دا لێکۆڵینەوەی تێداکراوە.

لە ناوچەی هەولێریش بچووکردنەوەی ناو لە ڕێگەی /ۆ/ وەک (شێرزاد: شێرۆ، محەمەد: حەمکۆ، ...هتد)هەیە. کەواتە پێواژۆی بچووکردنەوەی ناو ئاڵۆزترە لە ئەوەی بە سادەیی و لە یەک لێکۆڵینەوەدا باسبکرێت، بەڵکو زیادتری پێویستە. وەک لە شیکاریی ئەم نموونانەوە دەرکەوتووە، کە (-ە) لە ناوی بچووکراوەدا دەردەکەوێت، هەمان (-ە) ناسراوی نییە، بەڵکو بچووکردنەوەی ناو لە ناوێکی بۆ ناوێکی تر، دەکرێت جیاوازی تێدا هەبێت، وەک لە پێشووتریشدا ئاماژەی بۆکراوە.

**دووەم:** هەر وشەیەکی ناسادە لە وشەسازیدا دروستکرا، مەرج نییە هەرچی لە دوای، یان لە پێشەوەی وشەی سەرەکییەوە هات، لاگر بێت. (مەرج نییە پاشگر/ پێشگر بێت)، بۆ نموونە (خانە) کە لە دروستکردنی وشەی ناسادە (لێکدراو)دا، لە دوای وشەیەکی سادەوە دێت، مەرج نییە پاشگربێت.

بۆ شیکردنەوەی ئەم وەچە تیۆرییەی ژمارە دوو، وشەی (خان، خانە) لێکۆڵینەوەیان تێدا دەکرێت. وشەی (خانە) لە زمانی کوردی و فارسیشدا وەک ناوی ئەو شوێنەی مرۆڤ تێیدا ژیاوە، هاتووە و بە واتای شوێنێکیش هاتووە، کەرەستەی تێدا هەڵبگیرێت (وەک: جبەخانە، ساردخانەو ...هتد). وەک لە کوردەواریدا دەڵێن: خانەی لێتێکچووە: واتە ماڵوێران بووە.  سەرەتا لە فەرهەنگی کوردیدا تەماشای دەکرێت، وەک مشتێك نموونەی خەروارێک.

وشەی (خان) لە (فەرهەنگی خاڵدا) نووسراوە کە "خان، وتەیەکە، بە هەندێک کەس دەگوترێت، لە ڕووی گەورەییەوە، وەک: ڕۆستەم (خان)، گوڵچین [خان]. یان خان بە چەند دووکانێکی گەورە لە حەوشەیەیکی گەورەدا دەگوترێت، کە بازرگانان تێیدا دادەنیشن، بۆ کڕینو فرۆشتن. خانوویەکی گەورەی هۆدە هۆدەیە،  کە کەرو  وڵاخی تێدەکرێت" (خاڵ، 1959، 60). وەک دەرکەوت بە دوو  واتا بەکارهاتووە، کە هەردووکیان نازناوو ناون و پاشگر نیین. دوای ئەمە لە فەرهەنگی کوردستاندا سەبارەت بە ئەم وشەیە دەڵێت:"خان (Xan) ناو، میرمەزن، بەگ، ئاغا، سان، نازناوی دەسەڵاتدارانو سەرۆک هۆزانە، (هەڵۆخان ئەردەڵان)، خوان/خان، کیرِی ناو لوولەی چەکی گەرم" (سەنەندجی و پەشا ئابادی و هاوکارانی،  1396، 932). وەک دەرکەوت، لێرەیشدا هەر وەک ناو دیاریکردووەو وشەی لێکدراوی (خانەی تفەنگ) لێدروستکراوە، بەڵام هەر وەک ناو ماوەتەوە.

وشەی (خانە) لە فەرهەنگی خاڵدا تۆمارکراوەو نوسراوە "خانە: خانوو (جێگای حەوانەی مەردووم، کە لە دارو بەردو قوڕ دروستدەکرێت)، خانەبگیر: لە ماڵی خۆیدا دەستگیرکراوە" (خاڵ، 1959، 61). وەک دەرخرا، لێرەدا خانە/خانووە ناون، ناوی ئەو شوێنەیە، کە مرۆڤ تێدا دەژی. لە فەرهەنگی زانستگای کوردستاندا، لەسەر وشەی خانە چەند واتایەکی دیاریکردووە، واتای یەکەمی "خانە: خانوو (ناوە)، یان واتای خەتدراوی چوارسوچە/چوارگۆشە واتە ناوی چوارلایەکە، واتای دووەمی وەک پاشگر (پاش وشە) ناوی بردووە بە واتای یانە/شوێن هاتووە، وەک: قاوەخانەو...هتد" (سەنەندجی و پەشا ئابادی و هاوکارانی،  1396، 933)، لێرەدا زیاتر لە پەنجا وشەی هێناوە، کە خانە لە پێکهاتەیدا هەیە، بەڵام واتای سەرەکی وەک ناو دیاری کردووە، واتای دووەمی وەک پاشگر، واتە بێ لێکۆڵینەوەی زانستی لە ڕوانگەی وەرگرتنی دەماودەمەوە وشەو واتای وشەکان جەختی لەسەر کراوە.

هەموو فەرهەنگەكان كە لە جیهاندا نووسراون، زۆر سوودیان لە یەكتری بینوە لە زۆر بواردا لەیەكدەچن، ئەوەتا لە گۆشەی فەرهەنگەوە (خان، خانە) هەردوكیان وەک ناو تۆماركراون، لە هەندێک كاتیشدا، وەک پاشگریش باسكراوە، بەڵام لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە ئەم بابەتە تا ڕادەیەكی باش دەتوانرێت یەكلابكرێتەوە، دیارە ئەم بابەتە زیاتر هەڵدەگرێتو لە گۆشەنگای تروە لێكۆڵینەوەی تێدا دەكرێت.

خان: لە ڕووی مێژووییەوە تەماشابكرێت، ئەم وشەیە وەک ناسناوی بنەماڵەیی بەكارهاتووە و گۆڕانی سەیری بەسەردا هاتووە. سەرەتا وشەكە وشەیەكی (نازناوێكی) توركیو مەغۆلی بووە، واتای بەرزییو خاوەن شكۆیی گەیاندووە. لە سەدەی شەشەمی زاینیدا وشەی (قاغان) گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بۆ (خان) گۆڕاوە. سەرۆكی دەوڵەتە توركە گەورەكانی ئاسیای ناوەڕاست وشەی (خان)یان، لە خۆیان دەنا. بۆ ماوەیەكی زۆر ئەم ناسناوە پەیوەستبووە بە نەوەكانی جەنگیزخانەوە. لە ئاسیای ناوەڕاستدا گۆڕانێكی تر بەسەر واتای ئەم وشەیەدا هاتووە. ئەویش بەكارهێنانی واتای (خان) بۆ ژن بەكارهاتووە، ئەمە زمانە ئێرانییەكانیشی گرتووەتەوە. لە زمانە ئێرانییەكاندا وەک زمانی كوردی وشەی (خان) هاوەدنگی (هۆمۆنیم)ێكی هەیەو واتای شوێنو جێگەی (وەک: كتێب+خانە) هەیە. ئەم دوو وشە بەڕای (فاروق عومەر سیدق) پەیوەندییان بەیەكەوە نییە (سدیق،: 2015: 15-18). بەڵام ئایا وایە؟

وشەی (خانە)، لە فەرهەنگی عەمیددا واتاكەی بریتییە لە ((خانە: چوار دیوارە، كە سەرگیراوە (میچێكی هەیە)، شوێنێكە كە مرۆڤەكان تێیدا دەژین. واتای ژوور، خانوو، شوێن، شوێنی دانیشتین))ی هەیە (عەمید،1361: 439). هەر ئەم واتایە لە وشەی (خانە)ی كوردیدا هەیە، كەواتە واتای هزریی وشەكان لە كوردیو فارسیدا زۆر لە یەكتریەوە نزیكن و وشەیەكی هاوبەشی كوردیو فارسییە.

ئێستا هەردووكیان (خان، خانە)، بۆ شوێن بەكاردێت، بەڵام وایدەبینم، كە وشەی خان لە مۆرفیمەكانی (خان+ە) دروستبووە، بەڵام لەبەر سنووری باسەكە ئاوا باشترە، كە **(خانو خانە)** جیاوازبێت. ئێستا (خانە) وشەیەكی سەربەخۆی زمانی كوردییە، لە بواری وشەسازی ئێستای زمانی كوردیدا لەپۆلی ناوەو (ێک، ەكە، ان) وەردەگرێت، ئەگەر پاشگر بێت، ئەمە وەرناگرێت، با پاساودانی بكەینەوە بە نموونەوە:

ا.8 خانە + ێک= خانەیەک. (خانەیەكی تفەنگ، خانەیەكی لەش، خانەی كەنتۆر، ...هتد).

ب. خانە+ەكە=خانەكە.

پ. خانە + ان =خانەكان. تێبینی: ئەگەر پاشگربێت، ئەم مورفێمانەی ناو وەرناگرێت، كەواتە دەكرێت وەک ناو بناسرێت، بە پێی شیكارییەكانی سەرەوە.

تا ئێستایش وەک ناو بەكاردێت، لە وشەی لێكدراوی (كتێب + خانە)، تا كتێب لە شوێنێكدا نەبێت، ناگوترێت: كتێبخانە. كەواتە خانە شوێنی كتێب دەگەیەنێت، لە وشەی (كتێبخانە)دا، دوو ناوەو بە یاسایی (ناو + ناو) دروستبووە، وەک دەرخرا، ئەم درێێكردنە لە تەک زانستی زمانی ناسینیدا دێتەوە. تا یەكەم جار وەک ناو، دووەم جار وەک پاشگر دابنرێت، وەک لەسەرچاوە زانستییەكاندا جارێک وەک ناو و جارێک وەک پاشگر بە دوای واتاكانیدا گەڕاون، ئەگەر بڵێن: خانە ناوەو هەندێک كات نیشانەیەكی، یان زیادتری لە وشە لێكدراوەكاندا بە كاردەهێنین، زانستیترە.

لێكۆڵەری زمانی كوردی (محەمەدی مەحویی) لە باسی تیۆری مۆرفیمو پێناسەی مۆرفیمدا سێ جۆر مۆرفێم دیاریدەكات، بریتیین لە: (پرواتا، هەڵگری واتا، هەڵگری نیشانەی واتا) (مەحویی، محەمەد: 2010: 8-9). لێرەدا (خانە) پرواتایە.

لە بەر ئەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی، كە (خانە) لە پۆلەئاخاوتنی ناوە، نەک ئەوەی پاشگربێت، لە هەموو ئەو نموونانەی لە سەرچاوە زانستییەكاندا وەک پاشگر هاتووە، بە هیچ شێوەیەک پاشگر نییەو ناوێكی سادەیەو لە پۆلی ناودا دادەنرێت.

وشەی (خان) وەک لەسەرەوە باسكراوە، وەک ناسناوی كەسی و بنەماڵەی لە كۆندا بەكارهاتووە، هەندێک كات بە هۆكاری ئەوەی خانەكان كاری خۆیان بە باشی بەڕێوەنەبردووە، واتای (خان) لە ناو كوردا نزمبووتەوە بۆ ناوی شوێنی ئاژەلەكان بەكارهاتووە، ئەمە بینینێكە بۆ واتای تری وشەكە، وەک لە نموونە (7:ا،ب) دا دیارە، یان واتای جۆرێک لە شوێنی حەوانەی گەیاندووە، وەک میوانخانەی ئەمرۆ (مۆتێل) ڕۆڵیبینیووە.

**ا.9. گوێرەكەكانت كردە كام خان/ خانەكان؟ (خان و خانەیش بۆ ئەم مەبەستە بەكاردێت).**

**9.ب. لە خانی خوارەوەی لای كانییەكەدان.**

وەک دەبینین وشەی (خان) لە ناوی شوێندا دەبینرێتەوە. كەواتە وشە بە پێی كات و سات واتای بەرزدەبێتەوە، یان تەسكدەبێتەوە، كۆمەڵ لە بواری جیاوازدا بە كاریدەهێننەوە.

وەك لەسەرەوە خرایەڕوو، وشەی (خان، خانە) بە پێی بیروڕای كەسانی شارەزا جیاوازن، بەڵام شیكردنەوەكان لە بواری فەرهەنگو وشەسازیو وتاسازیدا ئەوەیان سەلماند، كە لەڕووی شێوەوە دەكرێت جیاوازییەكی كەم لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە پەیوەندییەكی بەتین لە نێوانیاندا هەیە، چونكە لە ناو كۆمەڵدا دروستكردنی وشەی نوێ كارێكی ئاسان نییە، هەر لە بەر ئەوەیە وشە لە زمانی بیانییەوە وەردەگرێت.

وشەی (خانە)، لە بواری تردا زۆر بەكاردێت و واتای زۆر زیاتری هەیە، بەڵام لە بەر سنووری باسەكە لێرەدا كۆتاییپێدێنرێت، یەكێک لە هۆكارەكانی ئەوەیش بە پاشگر دانراوە، لە دوای وشەی سەربەخۆوە بینراوە. كەواتە لە ڕووی واتاییەوە (خان، خانە) هەردوكیان واتای شوێنی پشودان/حەوانەوە دەگەیەنن، بەڵام لە هەندێک دۆخدا (خان) بۆ نازناوی كەسیو ئاژەڵو ماڵات بەكاردێت و (خانە) بۆ مرۆڤ

بەکاردهاتووە، یان خانە بۆ هەردووکیان بەکاهاتووە. لە باری تردا بەکاردێت، کاتێك دەگوترێت: (خۆ خان نییە)، لێرەدا واتای مەبەستی ئەوەیە کردارێک هەمووکات دووبارە نابێتەوە، لە بواری تەکنەلۆجیایش بۆ خانەی بەرنامەی ئێکسڵو وۆرد بەکاردێت، لە خوازەی (خانە گومانە) مەبەست ئەوەیە، پیاو/ژن لە یەکتری بە گومانبن، کە پەیوەندییەکی ناتەندروستی تریان هەیە. کەواتە واتای خانە زۆر فراوانترە. لێرەوە گرنگی و بەهای (-ە) دەردەکەوێت، ئەمە تۆڕی پەیوەندییەکانیەتی، کە واتای زۆری لە خۆی ئاڵاندووە، شیکردنەوەی نموونەکان ئەوەیان سەلماند، واتای یەکەم هەردوکیان لە پۆلە ئاخاوتنی ناون، تا ئەوەی پاشگربن.

**سێیەم:** ئاراستەی مۆرفیمە وشەدارێژەکان (- هەڵ، وەک نموونە) فرە ئارەستەن. هەر (پێشگرێك، یان پاشگرێك) دەکرێت شاوەچەی (پرۆتۆتایپی) واتای خۆی هەبێت، کە زۆرینەی خەڵک، لەکاتی بیستنی ئەو وشەیەدا هەمان واتایان بە بیردا دێت، بەڵام دەکرێت جگە ئەو واتایە، واتای زۆرتری هەبێت.

هەر چۆن شاوەچە (پرۆتۆتایپ) لە کێڵگەی واتایی‌و ناوی کەرەستەکاندا هەیە، هەر کۆمەڵێک بهێنین و ڕۆچوونێکی خۆی بۆ ئەو بابەتە هەیە، لێکۆڵینەوەکان لەسەر ناو زیادتر کراوە، بەڵام بۆ پۆلەکانی تری ئاخاوتنیش دەتوانرێت شاوەچە دیاریبکرێت، کە وەک پۆلەئاخاوتنی ناو لە زماندا چالاک و زۆر نییە، بۆ نموونە کاتێک باسی کردار لە زمانی کوردیدا دەکرێت، زۆربەی کات کەسانی خوێندەوار کرداری (چوونو هاتن) بە بیریاندا دێت، چونکە زۆرترین کاتو ڕۆژانەو شەوانە بەکاردەهێنرێت.

لە بەرئەوە مۆرفێمی وشە دارێژی وەک (-هەڵ) لە وشەی (هەڵچوون، هەڵبەزین، هەڵهاتن...هتد) واتای بۆ سەرەوە و ئاراستەی بۆ سەرەوە دەگەیەنێت، بە شێوەیەکی گشتی ئەم واتایەی لە ناو کوردا باوە، کە ئاراستەی بۆ سەرەوەیە، واتای ئاراستەی سەرەوە بە شاوەچەی واتای (-هەڵ) دادەنێرراوە، بەڵام بە پێی زانستی زمانی ناسینی شیدەکەینەوە، بێگومان ڕای تریش هەیەو واتای وردی زۆرە.

10. ا. هەڵهاتن.


ب. هەڵبڕین.

پ. هەڵکەندن.

ت. هەڵچوون.

ج. هەڵفڕین.

وەک دەبینین (- هەڵ) لە سێ فۆنێم پێکهاتووە، ئەم زنجیرە دەنگە واتایەکی ناوەکی بە ئەو کردارە دەدات، لە دارشتەدا دەچێتەسەری، لە زۆر نموونەیشدا واتای ئاراستەی سەرەوە بە کردارەکە دەدات، وەک لە هێڵکاری ژمارە (1)دا دەردەکەوێت، زۆربەی کات واتای بەرەو سەرەوەی گەیاندووە.




**((هێڵکاری ژمارە (1) وێنەی هزری ئاراستەی جوڵەی مۆرفێمی (-هەڵ))**

کاتێك لە گوشەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە لە ناو زماندا هەڵسەنگاندن بۆ نموونەکان بکەین، ئەنجامی جیاواز دەبینین.

11. ا. هەڵپێچان (  ).

ب. هەڵهاتن. 


پ. هەڵکەندن. (  ) .

ت. هەڵاژیان (هەڵ+لاژ+یان)، هەڵبروچکاو (خوایە هەڵبڕوچکێنی: ڕایکشێنێت/ بمرێت.

ج. هەڵدێر (بەلاکەوتن)

د. هەڵکورمان (کرژبوون).

ح. هەڵکردن. (مانەوە، بەردەوامی، داگیرساندن، هاتنی با، ...هتد).

و.هەڵسوڕاو 

هـ. هەڵوەرین (لە بەرزییەوە، بۆ خوارەوە کەوتنەخوارەوە).

ئەگەر تەماشای نموونەکانی 11.ا-هـ) بە هۆی بە هێزیو زۆر بەکارهێنانی واتای پێشگری (-هەڵ)ەوە، کەمێک واتای بۆ سەرەوە لای خوێنەر دروستبێت، بەڵام کاتێك ورد تەماشای ئاڕاستەکانی (-هەڵ) بکرێت، ئاراستەکانی (بۆ دواوە بەیەکداچوون، ئاسۆی، بۆ خوارەوە، نەلکان پێکەوە، کرژبوون، مانەوە و بەردەوامی) تێیدایە، بە هۆی چالاکیی ئەم (پێشگرەوە) ئاڕاستەی چواردەوری خۆی تێیدایە. لێرەوە بە ئەو ئەنجامە دەگەین، کە پێشگرەکان هەڵگری واتای زۆر و جیاوازن، کەواتە وشەکان بە پێی بەکارهێنانیان لە کایە جیاوازەکاندا درکپێکردنی زیادتر لە هزری تاکدا بەرهەمدەهێنێت.

له فەرهەنگی (ئەناهیتا)دا، وشەی (هەڵلاژیان) باسکراوە، کە (-هەڵ) بە پێشگر دانراوەو بە واتای ڕاکشانی ئاسۆیی هاتووە، وردەکاری زانستی زیادتری بۆ نەکراوە.

وشەکە لە (- هەڵ +لاژ+ یان) پێکهاتووە، بەڵام لە بەر ئەوەی هێزی لە زمانی کوردیدا زۆرە، وەک یەک وشەی سادە دەرکەوتووە، پێشگری (-هەڵ) چووتە سەر وشەی (لاژ) لە دەربراوی (لاژەلاژە)دا لاژیش بە واتای زۆر ماندووو شەکەت دێت، کە هێندە کەسەکە گێژی دەبێت، کە ڕاکشێت لە شوێنێکدا، لێرەدا وا دەبینرێت، کە وشەکە ئاراستەی ئاسۆیی هەبێت، هاوکات وشەی (یان) لە وشە کۆنەکانی کوردییەو لە زاری گۆراندا چالاکەو لە کۆنی کوردەواریشدا هاتووە، کە بەواتای شوێن دێت وەک: (یانە، بازیان ...هتد)، کە لە ئەم وشانەدا بە واتای شوێن هاتووە و ناوە، وەک دیارە لێرەدا ئاراستەی ئاسۆیی لە پیشگری (- هەڵ) بە ڕوونی دیارە، وشەی (هەڵپرۆچکاندن)، لە نزای شەڕدا کە دەگوترێت: (خوایە "ئەو کەسە" هەڵپیروچکێنیت) بە واتای ڕاکشانی ئاسۆیی و مردن هاتووە. یان دەگوترێت: (گوڵەکە هەڵپروچکاوە) هەڵپرووچکاندن، هەموو ئاراستەکان دەگرێتەوە، هەڵپرۆچکانی گوڵێک، یان بەرهەمی دارێک بەهۆی گەرماو گرەوە، گوڵەکە، یان بەرەکەی لە خۆیدا سیسدەبێتو لە هەرچوارلاوە بەرەو ناو بچووک دەبێتەوە، وەک دەبینرێت ئەم پێشگرە فرەئاراستەیەو زۆرترین واتای باوی/ شاوەچەی لە زمانی کوردیدا بۆ ئاراستەی سەرەوەیەو بەڵام واتای ئاراستەکانی تریشی تێدایە، وەک لە نموونەکانی (9/ا،ب) دەرکەوتووە.

**12.ا. بە لاژە لاژ هاتەوە، لە ئەودیو هەڵاژیاوە.**

**ب. گەرما گوڵەکەی هەڵپرۆچکاندووە.**

وەک لە نموونەی (12:ا،ب)دا لە ڕێگەی زانستی زمانی ناسینیەوە شیکردنەوەو نموونەی بۆ هێراوەتەوە، نموونەکان ئەوە دەردەخەن، /-هەڵ/ جگە لەسەرەوە ئاڕاستەی هەر چوارلایی‌و ناوەکیشی هەیە، جگە لە هەر چوار لاکەیش ئاراستەی خۆکۆکردنەوەو گرژبوون‌و کەوتنەخوارەوەي تێدایە، وەک لە نموونەی (9)دا دیارە.

13: **ا. پیاوەکە لە سەرمادا هەڵکورماوە.**

**ب. چۆلەکەکە لەسەر هێلکەکانییەوە، بە ئەم سەرمایە هەڵکورماوە.**

وەک لە نموونەی (13: ا،ب)دا، پاشگری /- هەڵ/ واتای وەستان‌و گررژبوونی گەیاندووە، کەواتە گەر وردتر سەیربکرێت، واتای ورتری تێدایە، کە ئەم جۆرە واتایانە زیاتر واتای فەرهەنگی‌و بەکارهێنانی گشتیە، تا ئەوەی درکپێکردنی تاکەکەسی پێوەدیار بێتم /-هەڵ/ واتای بەردەوامیشی تێدا هەیە.

وەک لە شیکردنەوەکاندا خرایەڕوو، ڕووگەی پێشگری (-هەڵ)، دەکرێت واتای شاوەچەی دیاریبکرێت، کە بریتییە لە: ئاڕاستەی بۆ سەرەوە، بەڵام جگە لە ئەو واتایە چەندین واتای پێچەوانەیشی بە پێی دۆخی بەکارهێنانی پێشگرەکە (مۆرفیمەکە) هەبێت، کەواتە دیاریکردنی یەک ئاراستە بۆ پێشگرێک لە زمانی کوردیدا و یەکلاکردنەوەی بە ئەو واتایەی، کە یەک ئاراستەیەی زۆر بەکارهێنراوی هەیە، بە پێی زانستی زمانی درکپێکردن، دەتوانرێت زۆرترین واتاو وەک شاوەچە و کەمترین واتایشی دیاریبکرێت، تا زانیاری دانشنامە لە بارەی لاگرەکانەوە بزانرێت. دیارە (-هەڵ) بەهۆی زۆریی بەکارهێنانییەوە، فرە ئاراستەی لە ناو زمانی کوردیدا وەرگرتووە، وەک لە هێڵکاریی ژمارە (2)دا نەخشێنراوە، بەڵام شاوەجەکەی واتای پاشگرەکە، کە زۆرترین کات بەکاردێت، ئاراستەی بۆ سەرەوە دەگەیەنێت.




**((هێڵکاری ژمارە (2) شاوەچەی پاشگری (-هەڵ) بە پێی زانستی زمانی ناسینی فرە ئاراستەیە))**

**چوارەم:** گۆڕانی ناوی شتەکان/ کەرەستە پیویستەکانی ژیان، بە پێی کات گۆڕان لە وشەکانی زمانیشدا دەکرێت، چونکە هەر وشەیەک دەکرێت، پێوستی سەردەمێک پڕبکاتەوەو بۆ سەردەمێکی تر نالاچاک بێت، بۆ نموونە: (ڕبە: بووە بە کیلۆ).

گۆڕانکارییەکارییە خێراکانی ژیان بۆ ئاسانکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییان لە سەر گۆڕانی شێوەو واتای وشەکانی زماندا هەیە، بۆ نموونە وشەیەکی وەک (ڕبە) وەربگیریت، لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا (لینکی ئەلکترۆنی لە سەرچاوەکاندا دانراوە)، باسکراوەو لە کۆندا بۆ پێوانە (ڕبە) بەکارهێنراوە، ئەم پێوانەیە زانستی نییەو ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییە، کە جۆرێکە لە پێوانەکردن، بۆ وشکەدان (وەک: گەنمو جۆو...هتد) بەکارهاتووە، وەک (گەنم، گەنمەشامی، ... هتد) کە ئەندازەی ئێستای بە شێوەی زانستی (2) کیلۆگرامە، واتە کیلۆ شوێنی ڕبەی گرتووەتەوە، لە بری کیلۆ لە ئەم سەردەمەی ئێستا پێوانەی ئەلیکترۆنی هەیە، کە سەنتیش دەخوێنێتەوە. کەواتە (ڕبە) پیوانەیەکی کۆنەو کۆمەڵایەتییە، بۆ دوو کیلۆ گۆڕاوە، دوو کێلۆکەیش وەک ڕبە خەڵکی بیری لێناکاتەوە، بەڵکو کیلۆو نێوکیلۆو چارەکە کیلۆ هاتووە، دوای ئەمیش کیلۆیش بۆ پێوانەی ئەلیکترۆنی/ کارەبایی گۆڕاوە و ناوی پێوانەکانیش گۆڕاوەو ئێستا بەسەنتو بڕی پارەکەو پێوانەکەو کێشی کەرەستەو شتومەک دیاریدەکرێت، لە ڕێگەی ئامێری ئەلیکترۆنییەوە.

کاتێک تەماشای (لایک، کۆمێنت، شەیرو ئیمۆجی دانان) لە بواری تۆڕی کۆمەڵایەتیدا بکرێت، هەموویان لە زمانی بیانییەوە وەرگیراوە. ئەم داهێنراوە نوێیە، (فەیسبووک/ ئینستاگرام ...هتد)، لە ناو دنیاو جیهانی تەکنەلۆجیا بەکارهاتووە، کە جیهانێکی خوازەییە. تەنها وشەی (لایک) زیاتر چەندین واتای کۆمەڵایەتی هەیە، وەک: (دەستخۆش، پشتگیرتمو بەدڵمەو هاوڕاتمو بینیم ...هتد). ئەمە شوێنی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی تا ڕادەیەک (لە دنیای خوازەیدا/مەجازیدا) گرتووەتەوە. زمانی ئاخاوتنو گفتوگۆی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە (کە تێیدا قسەدەکرێت، دەستخۆشی لە سەر بۆچوونی یەکتری دەکرێت و ڕەخنەیش دەگیرێت) دەستخۆشی وەک: دەربڕاوی (هاوڕاتم، وایەو دەمخۆشو جوانە و ...هتد)، ئەمانە بۆ (لایک، کۆمێنت، شێر، ...هتد) لە تۆرە کۆمەڵەیەتیەکاندا گۆڕاوەو کاتی کەمتری لە نوسینی وشە دەوێت، ئەمەیش شێوەیەکی زمانە، کە زمانی خوازەیی تەکنەلۆجیایە. وەک شیکرایەوە، لە ئاخاوتنە کۆمەڵایەتییەکاندا، شێوەی نووسین لە ئێستادا بەراورد بە پێشوو زیاتر بەکاردێت، بە تایبەت لە تۆڕەکۆمەڵاتییەکاندا، کە گفتوگۆ کۆمەڵایەتییەکانی کەمتر کردووەتەوە. هەر هەمان (لایک) کاتێک بە زمانی ئاماژە بەکاردەهێنرێت و هەموو پەنجەکان دادەخرێتو پەنجەی بچووک (ئەسپێکوژە) بە تەنیا بەرزدەکرێتەوە، لە ناو کلتورەکاندا واتای جیاوازی هەیە، بۆ نموونە لە ناو بیانییەکان بۆ دەستخۆشیو سەرکەوتنە، بەڵام لە ئێراندا هەندێک بار واتای زۆر باش نییە، هەندێک کاتیش وەک سوکایەتی تەماشادەکرێت (چاوپێکەوتنی تایبەت: نێرگسەجاڕی، عەبدوڵا عەبدولعەزیز، 10 زمانو کلتوری ئێرانی، 2025/4/7، سلێمانی).

نموونەی تریش زۆرە، بۆ نموونە لە کۆندا ئەوانەی خوای گەورە ئەقڵی ئاسایی پێنەداون، یان لەدەستیان داوە، گوتراوە: (شێت)، بەڵام ئێستا بە هۆی کاریگەریی ئایین و زیاتر تێگەیشتنو فراوانی ڕۆشنبیرییەوە هەمان ناو بۆ ناوی بکەریی (بەخشراو) گۆڕاوە، کە جوانترە لە ئەوەی پێشووتر.

**پێنجەم:** مۆرفیمە وشەدارێژەکان (لاگرەکان) تایبەتمەندیی واتای خۆیان هەیە، هەندێک کات پاشگرێک دەچێتە سەر وشەیەک و ناچێتە سەر وشە هاوپۆلەکانی تری، ئەمەیش پەیوەستە بە ئاوەزو هزری کۆمەڵایەتیی ئەو میللەتەوە، کە بە پێی گونجاویی واتای و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەم دیاردە لە زماندا بەڕێوەدەچێت، بۆ نموونە: سبلێتچی، کتێبچی نەڕۆشتوون، بەرانبەری، وەستای سبلێت، کتێبخانە، خوێنەر بۆ دانراوە، بۆچی وایە؟ لێدەکۆڵرێتەوە.

بونیادنانی وشەکان لە زماندا، لەسەر بنەمای گونجانو ڕەزامەندی کۆمەڵی کوردەواری وشەی نوێ دروستدەکرێت. لە زمانی کوردیدا ڕێگە بە (پینەچی، **سەربەرز**) دەدات و (کتێبچی/موبایلچی) ڕێگە پێدراو نییە، بەڵام لەسەر بنەمای لێکچوونو ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی وشەی لێکدراوی (سەربەرز)، دەبینینو **(دەستبەرز، لوتبەرز)** ئاساییەو دەبینرێت. بە ئەم جۆرە دەبینین, کە هەر وشەیەک لە ئاستی وشەسازیدا دروستبووە، لە ڕستەسازیدا بەکارهێنانی خۆی هەیە، بۆ نموونە:

**14.ا. کێ دەزانێت، بۆچی زمان بە چەند ئاستێکەوە دابەشکراوە، تکایە، ئەوەی دەیزانێت با <u>دەستبەرزبکاتەوە</u>؟ (لێرەدا بۆ زیرەکی)ە.**

**ب. پەرلەمانتارەکە، <u>دەستیبەرزکردەوە</u>، نوکتەی یاسایی هەیە. (لێرەدا بۆ زیرەکی، یان خۆبەدەستەوەدانە).**

**پ. چەند کەس لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم یاسایەدایە، <u>دەستبەرزبکاتەوە</u>.**

**ت. خێرا دەستت بەرزکەرەوە. (لە کاتی هۆشداری بە تاوانبارێکی بکوژ دەدرێت). لێرەدا کەسە لە جووڵە دەکەوێت، ئەمەیش جۆرێک لە بلۆکبوون دەگەیەنێت.**

وەک لە نموونەی (14:ا،ت)دا، دیارە، وشەی (دەستبەرز- دەستبەرزکردنەوە) بۆ ئەو کەسانە بەکارهاتووە، کە زیرەکن و یان زانیارییەکیان پێیە، کە لەناو هاوڕێکانیاندا لە ئەو ساتەدا ئەو زانیارییە نییە، یان بێگایی کەم زانیارییە، واتە واتای بەرزو نزمی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی تیادایە، کەواتە (دەستبەرز) نەک هەر ڕێگەپێدراو نییە (بلۆکراو نییە)، بەڵکو وشەیەکی جوان و چالاکی زمانی کوردییەو دەیان ساڵە بەکارهاتووە. کەواتە چۆن لە زماندا سەربەرز، بۆ سەری مرۆڤ هەیە، دەستبەرز/دەستبەرزکردنەوە/ دەستیلێبەرزکردەوەیش لە زمانی کوردیدا هەیە، ئەمەیش نەرمیو بەبەرهەمیو دەوڵەمەندی زمانی کوردی دەردەخات.

لە زمانی کوردیدا، ڕێگە بە وشەی (کتێبچی) نەدراوە، بەڵکو لە بری ئەوە (خانە) هەیە، لێرەوە مادەم (-چی) بەرانبەر (خانە) هاتووە، لە شوێندا دواوەی ناویان وەرگرتووە، هەردووکی بە (پاشگر) دانراوە. (-چی) لە زمانی کوردیدا باسی پاشگری (-چی) دەبیسترێت،

وشەی (پێنەچی، کەبابچی، پەنچەرچی، قاوەچی و چایچیۍ ...هتد) بە بیردا دێت. واتای (-چی) لە وشەی (پینەچی) برتییە لە: پێلاوێک، قوماشێك دڕابێت، لە ڕێگەی پارچەی هاوشێوەیە ئەو دڕاویە چاکبکرێتەوە، بەڵام وەک خۆی نا، بەڵکو کەمێك، یان زۆر پێوەی دیارە، لە پەندی پێشینانیشدا دەڵێت: (پینەوپەڕۆ تا نیوەڕۆ)، واتە چارەسەرێکی کاتییە. ئەو پیشانەی بە هۆی (-چی)ەوە دروستبوون (مادییەکان) و ئاکارییەکان باون و بڵاون بە پێی بەکارهێنانیان واتاکەیان فراوان، یان تەسک دەبێتەوە، بۆ نموونە واتای (چایچی) لە واتای (کەبابچی) لە ناو کۆمەڵدا لە رووی داراییەوە جیاوازە.

بەڵام واتای (کتێب+ خانە)، لێرەدا کتێب، بە هۆی ناوێکی ترەوە کە (خانە)یە، دروستکراوە، کە شوێنی هەڵگرتنی کتێبە، خاوەن بەهای کۆمەڵایەتی بەرزترە، چونکە هەر کتێبێک خانەی هزری نوێتر/ ماڵێکی نوێتر لە ئاوەزی/ هزریی هەر خوێنەرێکدا دەکاتەوە، مەودای چارەسەرو واتای (خانە) فراوانترو تایبەت، لە ئەوەی تەنیا (پاشگرێک) بێت. لێرەوەیە کورد (خانە) بۆ کتێب و (-چی) بۆ (پینە) هەڵبژاردووە. لە ناو کۆمەڵدا رۆڵی کەسانی خاوەن کتێبخانە فراوانترە تا رۆڵی ئەوانەی (پینەچین/ چایچین)، ئەگەر چی ئەمانەیش بژێوی خێزان دابیندەکەن و شایەنی رێزی کۆمەڵایەتین، لە بەر ئەوەیە، کۆمەڵ بۆ هەندێک لاگرو بۆ هەندێکی تر وشەی سەربەخۆ لە دروستکردنی وشەی نوێدا هەڵدەبژرێت، کەواتە شاوەچەی (خانە) ناوێکە بۆ شوێن، واتای کۆمەڵایەتیی زۆری هەیە، بە واتای شوێنێك/شوێنێکی بچووک هاتووە، واتای نزمی کۆمەڵایەتیی هەیە، وەک: قومارخانە، قەحبەخانەو ...هتد، لە دیاریکردنی ناوی هەندێك شوێنی خەمناکیشدا بەشدارە، وەک: مەیتخانە☹، ساردخانە☹و ...هتد). کەواتە خانە، ناوەو شاوەچەکەی، یان زۆرترین واتای کە لەکۆمەڵدا بەکاردێت، بە واتای: ناوی شتێك، شوێنی پشوودان/نیشتەجێبوون/شوێنی هەڵگرتنی کەرەستەی بچووک/گەورە هاتووە.

زانراوە، کە کتێب خانەی تایبەتی هەڵگرتنی دەوێتو چاییش، لێزانینی لێنانی ئەوێتو پێویستە فێرببیت، بابەتێکی باوی کۆمەڵایەتییە، هەموو کەسێک بە شێوەیەکی گشتی دەتوانێت ببێتە چایچی، ئەزموونێکی ئاسانە بۆ دووبارەکردنەوە، بەڵام هەموو کەس ناتوانێت خوێنەری کتێب بێت، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پێگەی کتێب لە چایچی کەمێک بەرزترە، یان جیاوازتر تەماشاکراوە، ئەو کەسەی کە بەکتێبەوە خەریکە، وشەی (خوێنەر)یان بۆ داناوە، زۆرجار خوێنەریشە دەبێتە (نووسەر)، خوێنەر و نووسەریش بە هەمان پاشگر (-ەر) دروستبوون، واتە نزکییەک لە رووی واتایەوە هەستپێدەکرێت، چونکە لە یەک پۆلی رۆشنبیریدایە.


میللەتی کورد لە بری وشەی (کتێبچی)، هاتووە، وشەی (خوێنەری) بۆ هاوەڵانی کتێب داناوە، چونکە پاشگری (-چی) بۆ هاوەڵانی کتێب بە گونجاو نەزانیووە. وشەی (خوێنەر)ی بۆ داناوە، بۆ ئەوەی کە کتێب دەنووسێت، لە رەگی ناوی کرداری (نووسین+ەر: نووسەر) بۆ درووستکردووە، واتە ئەم وشانە بە ئاگایی تەواوەوە دروستکراوەو کۆمەڵێش پەسەندیکردووە. کەواتە دروستکردنی وشەی نوێ لە ئێستادا جێدەستی ئاوەزی کۆمەڵایەتیو تاکەسی پێوەدیارەو وشەدروستکردن لە ئەم سەردەمەدا زیاتر لە خۆوەوە نەبووە، بەڵکو بیری لێکراوەتەوە.

**شەشەم:** شیکردنەوەی وشە نەک زاراوەکان لە زماندا، ڕادەی بەکارهێنانی دیاریبکەین. ئەگەر ئامارمان وەرگرت، بە تێکەڵی وەربیگرین بۆ دیاریکردنی واتای وشەکان، وەک ئەوەی لە شاوەچەدا (پرۆتایپدا) کراوە.

یەکێك لە ئەو گرفتانەی لە ڕاپرسیو ئامار/مشتە وەرگرتندا لە بواری کارەکیکردنی تیۆرەکانی زانستی زمانی ناسیندا دروستدەبێت، زۆری کۆمەڵ و ناوچەو پیشەو ڕۆشنبیری جیاوازە، چونکە بە پێی هەریەک لە ئەوانە ڕاپرسی لەسەر واتاو زۆر بەکارهێنانی وشە دەگۆڕێت. وشەی (سەوز) بە پێی بەکارهێنانی واتای زۆری هەیە، میوەیەک نەگەیبێت، دەڵێن: هێشتا سەوزە (وەک کاڵەک/زرکەتاڵ)، یان هەندێک جار هاوواتای شینبوون لە کشتوکاڵدا دەگرێتەوە، دەغڵەکە شین/سەوز بووە، یان بمانەوێت بۆ نموونە شاوەچەی وشەی (سەوزە) بە ڕاپرسی دەربهێنرێت، پێدەچێت وشەی (کەرەوز)و دوای ئەوە (کەوەر) لای ئاخێوەرانی چینێکی دیاریکراوە دروستبێت. ئەمە ئەگەر ڕاپرسی لە دەرەوەی شارو ئەو چینانە بێت، کە زیاتر بە سەوزەوە خەریکن. ئەو جوتیارانەی، کە زیاتر کەرەوز بەکاردەهێنن‌و ناوی سەوزەی تریان کەم بیستووە/بەکارهێناوە. کەواتە کاتێک ڕاپرسییەکە لە ژینگەیەکی کشتوکاڵیدا بێت، ئەنجام وا دەبێت. شاناوی (سەوزە) لە بواری کشتوکاڵدا، وشەکانی وەک: (کەوەر، کەرەوز، تەرەتیزە و بیەبەر، ...) دەگرێتەوە، ئەو شاناوە سەرەتا پێدەچێت، ناوەکەی لە ئەوەوە هاتبێت، ئەوەی رەنگی سەوز بێت ناونرابێت سەوزە، بەڵام ئێستا کێڵگەی واتای سەوزە گۆڕاوە زۆر سەوزەی وەک بیەبەر: (سوور، زەرد، سەوز، ...هتد) هەیەو سەوزنین و سەوزەیشن. یان، تورو ...هتد، کە ڕەنگی تریان هەیەو سەوز نین‌و لە کێڵگەی سەوزە دادەنرێت.

کەواتە دەکرێت، بە پێی ژینگە شاوەچە بگۆڕێت، بۆ نموونە کاتێك ئەڵێن: سەوزە، لە ناو هونەرمەندانی وێنەکێشدا قتوی ڕەنگی سەوزی بۆیاخیان بە بیردا دێت/یان لە کاتی کڕینی بۆیاخدا، یان لە سلێمانیدا لە گفتوگۆی ڕامیاریدا بڵێت: سەوزە، مەبەستت کەسەکە سەر بە لایەنی ئاڵای/ قوماشی سەوزە. لە هەولێریش بڵێت: زەردە. مەبەست لە زەردە، ڕەنگی بەیداخەکەیە. لێرەوە بە ئەوە دەگەیت، زۆرینەی کەسەکان لەسەر واتایەک ڕێکدەکەون بە زۆری بۆ هەڵبژاردنی وشەیەک لە ناو وشەکاندا، لە ڕووی ڕامیاری، پیشەیی، ڕۆشنبیرییەوە وشەکان دەگۆڕێت، لە بەرئەوە لە بواری زانستی زمانی ناسینیدا، شاوەچە لقێکی تیۆری ئەم زانستەیە، پێویستە وردرتر شیکردنەوەی بۆ بکرێت. ڕاپرسیش بۆ واتای وشە بکرێت، نەک زاراوە، چونکە زاراوەیەکی یاسایی وەک (پێداچوونەوە، تۆمەتبار، هدرکردن(زاراوەیەکی یاساییە، واتە بەهای بۆ دانەنانی گوتەیەک لە کاتێکی دیاریکراودا)، ...هتد)، تەنیا کەسەکانو کۆمەڵەی ئاخاوتنی یاساییەکانو لە ناویاندا (پارێزەران) زۆر بەکاریاندەهێنێت، هەندێك کات بە بێ ڕاپرسی (ئیستیبانە) ئەنجام دیارەو ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە سوودی زۆر نابێت، چونکە زاراوە هەمیشە زانستییەو کەسانی پسپۆڕ زیاتر واتای دەزانن و کەسانی ئاسایی کاریان پێینییەو واتای نەزانن، ئاساییەو ئاشکرایە کە نایزانن. کەواتە

ڕاپرسی بۆ زانینی واتای زاراوە، لە گۆشەنیگای زانستی زمانی درکپێکردنەوە زۆر زانستی نییە، بەڵکو واتای وشە ڕاپرسی لێبکرێت لە ژینگەی جیاواز و بەشداری ڕاپرسییەکەیش تا زۆر بێت باشترە، ئەوکات لە ئەنجامی زانستی زیادتر نزیکدەبینەوە.




**((هێلکاری (3) دەرهێنانی شاوەچەی (سەوزە) بە پێی چینوتوێژی جیاوازی کۆمەڵایەتی))**

## ئەنجام

1. ڕەگوریشەی زمان، وشەو پەیوەندییەکانییەتی، کە لە ئاوەزدا هەیە، هەر وشەیەک بۆ هەر مەبەستێک دەربڕاوە، ئەو واتایە دەگەیەنێت، دەکرێت وشەیەک/مۆرفیمێک، بۆ چەندین مەبەست دەربڕێتو چەندین جۆری واتا بگەیەنێت، کە لە ڕێگەی زانستی زمانی ناسینییەوە، مەبەستی واتای دەربڕاوەکان، کە لە ئاوەزەوە دێن، لە زماندا دیاریدەکرێن.
2. لێکچوون و جیاوازییەکانی زمانە، بە بەرهەمی و لێکتێگەیشتن بە ئاخێوەرانیان دەبەخشێت؛ لە ڕێگەی لێکچوونو جیاوازییەکانەوە، کاتێک بە زانستی زمانی ناسینی لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت، باشتر لە دیاردەکانی زمان تێدەگەیت، کە دەکرێت: شێوەی: فۆنێم، مۆرفیم، وشە، لە یەکتری بچن، بەڵام ئاساییە واتاو دروستەکانیان جیاوازبێت.
3. شاوەچە، بۆ بەرزترینو نزمترین جۆری واتای کۆمەڵایەتی دەکرێت، چۆن لە پۆلەئاخاوتنی ناودا دەتوانرێت دیاریبکرێت، بە هەمان شێوە دەتوانرێت بۆ لاگرەکانیش (پێشگر، پاشگر)یش دیاریبکرێت، دەکرێت بە پێی پیشە جیاوازەکانیش شاوەچەی ناوی کەرەستەکان بگوڕێت.
4. لە کاتی لیکۆڵینەودا، زاراوەو وشە لە یەکتری جیابکرێتەوە، چونکە زاراوە هەمیشە چینێکی تایبەت لێیتێدەگاتو کارییێدەکات.
5. بچووکردنەوەی ناو لە ڕێگەی (- ە) لە ناوێکەوە بۆ ناوێکی تر پێکهاتەی ناوەکە دەگۆڕێت، چونکە ناو وەک کردار خاوەنی ڕەگو قەدی دیاریکراو نییە، لێرەیە لێکچوونو جیاوازییە زمانییەکان، لە ناوەڕۆکی ناوو کرداردا جیاوازیدەکەن.

## سەرچاوەکان


1. ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد، (2012). ئینسکلۆپیدیای کۆمەڵایەتی، و: دانا مەلاحەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی: دەزگاو چاپی سەردەم، سلێمانی.
2. خاڵ، شێخ محەمەد، (1959). **فەرهەنگی خاڵ (جزمی دووەم)،** چاپی یەکەم، سەقز.
3. سەعید، سازان زاهیر (2013). پێزی مۆرفێمە دارێژەکانی بچووکردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
4. سدیق، فاروق عومەر: (2015). ڕەچەڵەکی وشەو یەلهاوێشتنی، چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن (21). دەستگای چاپو پەخشی نارین، هەولێر.
5. مەحویی، محەمەد عەبدولفەتاح (2010). مۆرفۆلۆجی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکهەم، سلێمانی.
6. ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم (2019). **نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا،** تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
7. ئەحمەد، ڕۆستەم محەمەد (2024). **هێزی واتای سیمانتیکی لە بەرهەمهێنانی واتای پراگماتیکدا،** تێزی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار.
8. حەمەغەریب، نالی ئەدهەم (2023). **درکپێکردنی ڕێزمانی بونیادنان لە زمانی کوردیدا،** نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

.9 فەرهاد تۆفیق حەسەن (2015). **زمان لە ریکلامی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
.10 قادر، کاروان عومەر (2012). سیستەمی دڕکردن، وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (35)، بەشی ب، سلێمانی.
.11 نەبی، ڕێبوار حەمە (2015). **پەیبردنی شاوەجە لە سیمانتیکی درکپێکردندا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سۆران، هەولێر.
.12 **Pary Omar Ali, Srwa Tahhir Ali Mohammed, Bestoon Abubakr Ali, & Hemn Karim M. Salih. (2023). Beloved in Mahewu's Poems. QALAAI ZANIST JOURNAL, 8(1), 37–61. https://doi.org/10.25212/lfu.qzj.8.1.2.**
.13 **Faraj, S. J. H., & Karim, A. A. (2020). Linguistic Errors in second language learning through Error Analysis theory**: هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا (لە ڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵەییەوە. ***Journal of the College of Languages (JCL)*, (41), 199-223.**
.14 سەعید، سازان زاهیر (2015). **مۆرفۆلۆجی بچووکردنەوە ی ناو لە زمانی کوردیدا**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی ب، سلێمانی.
.15 سەنەندجی، مەهدیو و پەشا ئابادی، یەدوڵاو هاوکارانی، (2017). **فەرهەنگی زانستگای کوردستان(ب.دووەم)**، چاپی یەکەم، چاپخانە، زانستگای کوردستان، سنە.
.16 حەمەئەیین، خۆشناو عەزیز. (2025) گرفتی گوتن و درکاندنی دەنگەکان بە نموونە، گۆڤاری زانکۆ – زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.
.17 **فارابی، محمد بن محمد (1389). احصاء العمم**، چاپ: چهام، شریکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
.18 عمید, حسن(1341). **فرهنگ عمید** (فرهنگ مفصل و مصوق فارسی بفارسی) چاپی هڤدەیم، انتشارات علمی و فرهنگی سپهر.
19. Lakoff, George:(1987) Women, Fire, and Dangerous Things, The University of Chicago Press: Chicago and London
20. WILLIAM Croft and D. ALAN CRUSE - Cognitive Linguistic, (2004) Cambridge University Press google schola.
.21 **نێرگسەجاڕی، عەبدوڵا عەبدولعەزیز، بچووکردنەوە ناو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ( 2025/1/1)، سلێمانی.**
.22 **قادر، سەمینە محەمەد ، بچووکردنەوەی ناو لە شێوەزاری خانەقیندا، (2024/10/12)، خانەقین.**
23. [cognitive linguistic: https://youtu.be/SSmD5RREqiY?si=LJXfzfVRT6sszJAX).{Accessed: December 2024].
24. [firangi apheta: https://ferheng.info/alfba/16942/ ) Accessed: October 2024]:
25. [TanguChalam:https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D8%B1%D9%82%D9%88%D8%A9 Accessed: July: 2025]

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-06

# Linguistically Cognition and its Similarities and Differences

(Extracted from a PhD dissertation)

**Bestoon Abubaker Ali, jwana Ahmad Hamahusen**

Kurdish language, Basic Education, University of sulaimania, Kurdistan Region – Iraq.

**Article Info**

| Received | July, 2025 |
|---|---|
| Accepted | August, 2025 |
| Published: | October, 2025 |

**Keywords**

Cognitive linguistics, abbreviations, consonants, suffixes, nomenclature changes.

**Corresponding Author**

Bestoon.ali@univsul.edu.iq
jwana.husen@univsul.edu.iq

## Abstract

The present article, titled "Linguistic Cognitive and its Similarities and Differences", poses the following primary question: To what extent can linguistic similarities and differences be analyzed based on the parts of speech and the theory of cognitive linguistics? How do similar linguistic forms manifest within the parts of speech, such as nouns and verbs? Is it possible for affixes (prefixes and suffixes), like nouns, to have prototypes? These are the key questions that this study seeks to answer. The data analysis reveals that linguistic similarities are accompanied by clear linguistic differences. Consequently, linguistic similarities and differences constitute a linguistic phenomenon, but they also contain specific linguistic details that this study aims to elucidate. According to the scientific framework of cognitive linguistics, in order to present scientific results, examples have been drawn from both contemporary language and historical language data. One notable finding is that the abbreviation of a noun using the suffix (ه-) transforms the structure of one noun into another, since nouns, unlike verbs, do not possess a clearly defined stem and root. Thus, the similarities and differences in linguistic forms differ in the content of nouns and verbs.